# چەند تێبینییەك لە سەر سەروەریەكانی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان لە ڕۆژگارە سەختەكانی گەلی كورددا!




چوارشەممە 12.3.2014

**دەرسیم دیبەگەیی**

Darsim2006@hotmail.com


نووسینەوەی مێژوو زۆر جیاوازە لە نووسینی بابەتێكی ڕۆژنامەوانی یان دیمانە و ڕیپۆرتاژێک. ئەركی نووسینەوەی مێژوو قورسترە لە نووسینی پەرتووكێكی ئاسایی سەبارەت بە بابەتێكی دیاریكراو، مێژوو نووسینەوە وردبینی، وریایی، هەڵە نەكردن، ئەمانات، ڕاستگۆیی و دڵنیابوون لە ڕاستی و دروستی ڕووداو و یاداشتكردنیانی دەوێ!

ئەوەی عوسمان كانی پانكەیی، لە نووسینی پەرتووكی (سەروەریەكانی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان لە ڕۆژگارە سەختەكانی گەلی كورددا) تۆماری كردوون، كارێكی گرنگ و پڕ بایەخە، بەڵام ئەگەر بێتوو خۆی زیاتر ماندوو بكردایەو سەرچاوەی زیاتری بەكاربهێنایە باشتر دەبوو، بۆ نموونە كاسێتە كۆنەكانی دەنگی گەلی كوردستان بۆ سوود وەرگرتن لە مێژووی داستان، چالاكییەكان، ژمارە، ناوی شەهید و بریندارەكان، دەزگای شەهیدان و مەكتەبی شەهیدان بۆ وەرگرتنی ناوی تەواو و دروستی شەهیدەكان، هەروەها دیداری تایبەت و فرەی كەسانی بەشدار بوو لە داستانەكان و پەیوەندی كردن بە بنەماڵەی ئەو شەهیدانەی كە كوڕەكانیان لە شەڕێک، داستانێك یان چالاكییەكی دیاری كراودا شەهید بووینە.

نووسەر زۆربەی ناوەكانی بە عارەبی نووسیوە، كە دەبوایە تەواوی ناوەكانی بە كوردی بنووسیبایە و چ پێویستی بەوە نەدەكرد ناوەكان بەمشێوەیە بنووسێت: محمد، أحمد، ناصر، محمود، ملا، محسن، سعید، صالح، خفیفە، عبدالله، عبدالرحمن، علی، خلیل، عمر، سید صادق و سەدان ناوی دیكە!

نووسەر زۆر گرنگی بە ناوی تەواوی شەهیدەكان و بەرپرسێتی هەندێكیان نەداوە، كە دەبوایە بە هاوكاری دەزگای شەهیدان و مەكتەبی شەهیدان تەواوی زانیارییەكانی تۆمار بكردایە.

ئەم پەرتووكە چاپی چوارەمێتی، خۆزگە زووتر چاپی ئەم پەرتووكەم دەست دەكەوت بۆ ئەوەی زووتر لە چەندین هەڵە و كەموكوڕی ئاگادارم دەكردەوەو بۆ چاپی دواتر سوودی لە نووسینەكەم دەبینی. وا لە خوارەوەدا خاڵ بە خاڵ و لاپەڕە بە لاپەڕە هەڵەكانی نووسەر وەكو خۆی تۆمار دەكەم و دواتریش هەڵەكان دەست نیشان دەكەم و ڕاستیان دەكەمەوە. هیوادارم ئەم هەوڵەم سوودی هەبێت بۆ هەموو لایەک. هەرچەندە وەكو خوێندنەوە، ئەم پەرتووكەم نەخوێندۆتەوە بەڵكو تەنیا سەیرێكی بابەتە سەرەكییەكانم كرد و بەشێكیانم خوێندەوە، دڵنیام ئەگەر بە وردی بمخوێندبایەوە هەڵەی زیاترم دەدۆزییەوەو داستان و ڕووداوی گرنگتری تۆمار نەكراوی سنووری مەڵبەندەكانی (٣) و (٤)ی پارێزگای هەولێرم دەست نیشان دەكرد.

ل٤٠/ لە ڕۆژی ١٩٧٨/١١/٥ كۆبوونەوەی فراوانی لە شێنێ و گۆڕینی ناوی (كۆمەڵەی ماركسی لینینی كوردستان) بۆ (كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستان) دوای خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی لەناو ڕێكخستنە نهێنی یەكان و شاخدا بە پێی گونجاندنی لەناو چین و توێژەكانی جەماوەری گەلی كورددا. نووسەر هەر خۆی لە لاپەڕە (١١٠)دا نووسیویەتی: (لە ١٩٧٨/١١/٣ كۆبوونەوەی كۆمەڵە ناوی كۆمەڵە لە كۆمەڵەی ماركسی - لینینی كوردستان گۆڕا بۆ كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستان بۆ ئەو سات و كاتەی ناوبانگی لەناو جەماوەری گەلی كوردا ڕۆڵی كاریگەرو وەرچەرخانێكی باش بوو).

عوسمان كانی پانكەیی لە دوو لاپەڕەی ئاماژە پێكراو لە سەرەوەدا، دوو مێژووی (١٩٧٨/١١/٥) و (١٩٧٨/١١/٣)ی بۆ گۆڕینی ناوی كۆمەڵەی ماركسی - لینینی كوردستان بۆ كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستان دیاری كردووە، كە هەردووكیان هەڵەن.

شەهید شاخەوان (محەمەد عەباس عەولا)، ئەندامی سەركردایەتی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان، سەبارەت بە گۆڕینی ناوی كۆمەڵە لە لاپەڕە (١٩٨)ی (سەفەری كوردایەتی بیرەوەرییەكانی شار و شاخ ١٩٧٤-١٩٨٠)دا نووسیویەتی:

(کۆمەڵەی مارکسی - لینینی کوردستان لە ١٩٧٩/٥/١ لە بارەگای سالار عەزیز کۆبونەوەیەکی کرد، کە ژمارەیەک لە کادیران و سەرکردایەتی کۆمەڵە و لە ئەنجامدا لە کۆبوونەوەکە بەوە گەیشتن کە ناوی کملک ببێ بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان).
بۆیە بۆچوونەکەی شەهید شاخەوان بە ڕاستتر دەزانم، چونکە ژمارە (٤)ی وەرزنامەی کۆمەڵە، بەهاری (١٩٧٩)، لە سەری نووسراوە: (کۆمەڵە، ئۆرگانی ناوەندی کۆمەڵەی مارکسی - لینینی کوردستان)، بەڵام لە ژمارە (٥)ی هاوینی (١٩٧٩)دا نووسراوە: (کۆمەڵە، ئۆرگانی ناوەندی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان).

ل٤٢/ لە ڕۆژی ١٩٧٥/٩/١٨ و ١٩٧٥/١١/١٩ بە دوو جار ئەم کادرانەی تر لەناو شارەکانی کوردستان و ئێراقدا لە لایەن دەزگای ئەمنی ڕژێمەوە دەستگیر ئەکرێن هەر لەو ساڵانەدا ڕژێم بە پەلە کەوتە گرتنی چەند کادرێکی تر لە شارەکانی کوردستان و بەغدا کە ئەمانە بوون:
٢٣- شەهید کەمال بایز دزەیی.
ڕاستییەکەی عەلی بەگ بایز ئیسماعیل محەمەد سادق دزەیی، برای شەهید کەمال لەگەڵ هەریەک لە قاسم عەزیز ڕەسوڵ سوورچی و شەهید شاخەوان (محەمەد عەباس عەوڵا) لە ڕۆژی (١٩٧٦/١/٢٠)دا گیران نەک ساڵی (١٩٧٥)، دواتریش لە ڕۆژی (١٩٧٦/٢/٢٦)دا ئازادکران. ئەمانە هەرسێکیان ئەندامی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بوون و بەقسەی مامۆستا هاشم حوسێن خورمەڵەیی کە دوای گیران و ڕادەستکردنەوەی ئەرسەلان بایز ئیسماعیل و سەرکردایەتی کۆمەڵە لەلایەن ئێرانەوە بە ڕژێمی بەعس، ورەی ڕوخابوو و خۆی چوو بوو بۆ ئەمنی هەولێر و هەرسێکیانی بەگرت دابوو؛ (شەهید شاخەوان، سەفەری کوردایەتی بیرەوەرییەکانی شار و شاخ).
شەهید کەمال بایز ئیسماعیل، هیچ پەیوەندییەکی بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان نەبووە، بەڵکو ئەو ئەندامی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان بووەو بەهۆی ناپاکی کردنی موحسین عەبدوڵڵا ڕەسوڵ (موحسین عەوڵا نەفتە) ناسراو بە مامۆستا موحسینی شۆڕشگێڕان، لە ڕێکەوتی (١٩٨٦/٩/٢٤)دا دا لەگەڵ کۆمەڵێک هەڤاڵی دیکەیدا گیران و دواتر لە ڕێکەوتی (١٩٨٧/٢/٢)دا لە (دادگای شۆڕش)دا فەرمانی لە سێدارە دان بۆ شەش هەڤاڵیان دەرچوو کە یەکێک لەم شەش کەسە کەمال بایز بوو، دواتریش لە ڕێکەوتی (١٩٨٧/١١/١٨)دا لە ئەبوغرێب لە سێدارە دران. دواتریش مامۆستا موحسینی فەرماندەی مەفرەزە خاسەی بەعس و سەدام، لە ڕێکەوتی (١٩٩٣/٦/٢٣)دا لەناو موسڵ لەلایەن مەفرەزەیەکی (ی. ن. ک) کوژرا؛ (دەرسیم دیبەگەیی، ئینسکلۆپیدیای تۆمەتبارانی شاڵاوەکانی ئەنفال لە باشووری کوردستان).

نووسەر، هەر لە لاپەڕە (٤٢)دا باسی ئەوەی کردووە کە لێبوردنی گشتی لە مانگی ١٩٧٩/٩دا بۆ زیندانییە سیاسییەکان دەرچووە.
ئەو لێبوردنە گشتییەی ساڵی (١٩٧٩)، کە تایبەت بوو بە ئازادکردنی زیندانییە سیاسییەکان بە بۆنەی وەرگرتنی پۆستی سەرۆک کۆمار و ئەمینداری گشتیی حزبی بەعس بوو لەلایەن سەدام حوسێن و لە ڕۆژی (١٩٧٩/٧/١٦)دا دەرچووە، نەک مانگی ٩ی ساڵی ١٩٧٩.

ل٥٢/ لە هەمان کاتدا کادری زۆر دڵسۆز وبەتوانا و بوێر کاوە مەخموری (کاوە مەلا حسین) یەک بوو لەو کادرانەی کە هەر زوو لە گەڵ دروست بوونی (ی. ن. ک) و جاڕدانی شۆڕشی نوێخوازدا پەیوەندی کرد و زۆر مەردانە بە پێ و بە ماتۆڕ هەموو ئەو دێهاتانەی بە سەر ئەکردەوە و مژدەی شۆڕشی نوێی پێ ئەدان هەتا بە داخەوە ئەو کادرە ڕێکخستنەی کە بە ماتۆڕکە ئەیگواستەوە لە لایەن ڕژێمەوە لە ئەنجامی چالاکیدا دەرکەوت و دەستگیرکرا و لە سێدارەدرا.

هاوڕێ کاوه یان کاوه مەخموری، ناوی نهێنی شەهید عەبدولکەریم حوسێن مستەفا قادر مەخموری بووه. پێناچێت نووسەر زانیبێتی هاوڕێ کاوه شەهید بووه، بۆیه وشەی شەهیدی لەبەردەم ناوی شەهید هاوڕێ کاوه دانەناوه و باسی شەهید بوونی ئەو فەرماندەیەی نەکردووه، بەڵکو تەنیا باسی شەهید بوونی ئەو کادرەی کردووه که دێهات به دێهات هاوڕێ کاوەی به ماتۆڕەکەی خۆی گواستۆتەوه. هاوڕێ کاوه مەخموری، فەرماندەی کەرت له تیپی (٨٦)ی دەشتی هەولێر له ڕێکەوتی (١٩٨٣/٨/٣١)دا لەناو گوندی بالیسان که بارەگای مەڵبەندی چواری (ی. ن. ک)ی تێدابوو لەلایەن جاسمه کۆرەوه شەهید کرا، جاسمه کۆریش دوای چەند مانگێک له هەولێر لەلایەن پێشمەرگەیەکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کوژرا.

ل٥٣/ عەبدولرحمان حسن شنگاری و ٣ پ. م خۆیان دەرباز ئەکەن، بەهۆی چەند شوانێک و کرێکاری ڕێگاوبان کارئاسانی دەربازبوونیان بۆ ئەکەن به سەیارەکانیان بڵام بەهۆی گەیاندنی زانیاری به سیخوڕێکی ڕژێم به ناوی (جعفر بێسیفکی) دەزگای ڕژێم بۆسەیان بۆ دائەنێن و دەستگیریان دەکەن و دوای ٣ مانگ له زیندانی شومی موسڵ له ساڵی ١٩٧٧ له سێداره ئەدرێن.
عەبدولڕەحمان حەسەن حوسێن شەنگالی (ی. ن. ک)، له ڕۆژی (١٩٧٦/٨/٣٠)دا لەگەڵ پێنج هاوڕێی دیکەیدا له نزیک زاخۆ دەکەونه داوی سەرۆکجاش جەعفەر مستەفا ساڵح بێسفکی دۆسکی (فەرماندەی مەفرەزه خاسەی ئەوکات و دواتریش سەرۆکجاشی فەوجی ٢٤) و ڕادەستی حکومەتی بەعسی کردن، دواتر له شەوی (٣٠/٣١-٣-١٩٧٧)دا له زیندانی موسڵ له سێداره دەدرێت. ئەوانەی که گیران ژمارەیان (٦) کەس بوو که (٥) پێشمەرگه و هاووڵاتییەک بووه، هاووڵاتییەکه هاوکاری پێشمەرگەکان بووه بۆ گواستنەوەو دەربازکردنیان، نەک (٤) پێشمەرگه بووبن وەکو عوسمان کانی پانکەیی نووسیویێتی. ئەو شەش کەسەش بریتی بوون له: (جاسم حەمەد ئەحمەد (موسڵ/ زەممار)، حوسێن ئەحمەد ئەحمەد (زەممار – موسڵ)، ڕەشید محەمەد عەبدولڕەحمان (زەممار – موسڵ)، عزەت سدیق کەریم مەحمود سدیق خۆشناو (١٩٤٨/ هەولێر/ شەقڵاوه/ خۆران)، عەبدولڕەحمان حەسەن حوسێن شەنگالی محەمەد سلێمان سیتۆ حەسەن (دهۆک – زاخۆ/ سۆریا)، هاووڵاتی و هاوکاری پێشمەرگەی کردبوو). سەرۆکجاش جەعفەر مستەفا ساڵح بێسفکی دۆسکی، سەرەڕای خۆفرۆشی و وەستانەوەی لەدژی نەتەوەکەی خۆی، کەچی له ڕۆژی (١٩٨٦/٥/٣١)دا به بڕیاری عەلی حەسەن مەجید له مانگێش گولله باران کرا؛ (دەرسیم دیبەگەیی، ئینسکلۆپیدیای تۆمەتبارانی ئەنفال).

ل٧٤/ له ١٩٧٧/٣/٢٠، یەکەم ڕۆژی کردنەوەی دەنگی شۆڕشی گەلی کوردستان، ئەمه لەوکاته وەکو ڕاگەیاندنێکی زۆر فراوان و کاریگەر دەنگی دایەوه له کوردستان و ئێراق.
ڕاستییەکەی بۆ یەکەم جار ڕادیۆی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، له ڕێکەوتی (١٩٧٩/٣/٢١)دا پەخشی ئەزموونی خۆی بەناوی (دەنگی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) بڵاوکردەوه، دوای ماوەیەکی کورت ناوەکەی گۆڕا بۆ (دەنگی شۆڕشی ئێراق). بۆ دواجار لەدوای دەست پێکردنەوەی شەڕی نێوان (ی. ن. ک) و ڕژێمی بەعس به چەند مانگێک له ناوەڕاستی ساڵی (١٩٨٥)دا بوو به دەنگی گەلی کوردستان.

ل٧٨/ عوسمان کانی پانکەیی، له بابەتی (پێکهێنانی هەرێم و کەرت وەکو یەکەیەکی پێشمەرگایەتی)، له خاڵی (٧)ەمدا نووسیویێتی: (هەرێمی باڵەکایەتی و قەندیل به بەرپرسێتی تاڵب ڕۆستەم، شێخ دارای حەفید لەکاتێکی زۆر سەختدا)، ئاماژەی به سەرچاوەیەک کردووه بەمشێوەیه: (كتاب التيارات السياسية والأحزاب الكوردستانية، شاكر خصباك).
تاڵیب ڕۆستەم سلێمان (تاڵیب ڕۆستەم)، فەرماندەی هەرێمی پشدەر بووه نەک باڵەکایەتی و قەندیل. هەروەها دەبوایه نووسەر ئاماژەی بەوه بکردایه که شەهید تاڵیب ڕۆستەم، پێشتر ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووەو له کارەساتی هەکاری خۆی ڕادەستی حکومەتی ئێراقی کردەوەو له ماڵی خۆی لێی دانیشت، کەچی ناوبراو له

ڕێکەوتی (١٩٨١/٦/١٦)دا بە بڕیاری سکرتێری کۆمەڵە لەناو شاری سلێمانی لەلایەن ڕێکخراوی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بەشێوەیەکی زۆر ناڕەوا تیرۆر و شەهیدکرا.

سەرەڕای ئەوەی کە دکتۆر شاکر خەسباک هیچ پەرتووکێکی بەم ناونیشانەی سەرەوە نییە، دواتر نووسەر تەنانەت ناوی پەرتووکەکەشی بە هەڵە نووسیوە، کە ناوە ڕاستیەکەی ئەمەیە (التيارات السياسية في كوردستان العراق قراءة في ملفات الحركات والأحزاب الكوردية في العراق ١٩٤٦-٢٠٠١)، هەروەها لە نووسینی سەلاح خرسان (صلاح الخرسان)ە. نووسەر لە لاپەڕە (٥٣)ی پەرتووکەکەیدا بەهەمان شێوە ناوی سەرچاوەکەی بە هەڵە نووسیووەتەوە (التيارات السياسية والأحزاب الكوردستانية - صلاح الخرسان)، بەڵام لێرەدا ناوی نووسەرەکەی بە دروستی نووسیوە.

ل١٠٨/ سەبارەت بە ئۆردوگا زۆرەملێکان لە سنووری پارێزگای هەولێر ناوی هەریەک لە ئۆردوگاکانی (بەحرکە، حەریر، مەلا ئۆمەر، شاوەیس، بنەسلاوە، قوشتەپە، پیرزین)ی هێناوە.

کەچی ناوی هەریەک لە ئۆردوگاکانی (باسرمە، بەرحوشتر، بەستۆرە، تۆبزاوە، جدیدە، جێژنیکان، خەبات، دارەتوو، دیانا، سێبیران، شاخۆران، شۆڕش لە دێگەڵە، کانی قرژاڵە، کەسنەزان، کەورگۆسک، گردەچاڵ، گردمەلا، گۆڕەتوو لە مێرگەسوور، قوڵتەپە، هەنجیرە)ی نەهێناوە!

ل١١٢/ <u>ڕژێم لە ١٩٧٧/١٢/١٥ فەرمانی لە سێدارەدانی چەند کەسێکی ئەنجامدا</u>، وە لە ناوشاری سلێمانی دوای زیندانی کردنی چەند کەسێک لەناویاندا: ١. ئیسماعیل قاسم، ٢. محەمەد قاسم، ٣. یاسینە ڕەش لەسێدارە دران.

ئیسماعیل قاسم عەلی (سلێمانی)، ئەندامی ڕێکخراوی پێشمەرگەی ناو شاری سلێمانی (ی. ن. ک) لە ڕۆژی (١٩٧٦/١٢/٢١)دا لەگەڵ کۆمەڵێک هاوڕێ (حوسێن محەمەد غەفور، خەسرەو عەبدوڵڵا حەمە ساڵح ناسراو بە خەسرەوی حەمدی، سەلاح مەجید قادر، فەرەیدون عەبدولقادر عەبدوڵڵا، محەمەد قاسم عەلی، نەسرەدین نەجمەدین عەلی ناسرا بە نەسرەدینە سوور و یاسین محەمەد حەسەن ناسراو بە یاسینە ڕەش) تەقەیان لە پارێزگاری سلێمانی محەمەد ئەمین محەمەد کرد و برینداریان کرد و لە ڕێکەوتی (١٩٧٧/١/٩)دا لە زانکۆی سلێمانی کادیرێکی بەعسان بەناوی ساڵح ئەلعانی کوشت، دواتر بەهۆی فەرهادی مەلا ڕەزا بەگرت دران و لە ڕۆژی (١٩٧٧/٤/٢٤)دا بەشی یەکەمیان لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دران، جگە لە (سەلاح مەجید قادر، فەرەیدون عەبدولقادر عەبدوڵڵا و یاسین محەمەد حەسەن)، کە هەرسێکیان لە ڕێکەوتی (١٩٧٧/٤/٢٦)دا لە سێدارە دران. فەرهادی مەلا ڕەزا، دواتر لە شەڕێکدا لەلایەن مەفرەزەیەکی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی سەر بە (ی. ن. ک) لە ڕۆژی (١٩٧٧/٨/١٥)دا لە گوندی بارۆیی بازیان کوژراوە؛ (دەرسیم دیبەگەیی، ئازارە شاردراوەکان یاداشتی زیندان، لە چاپ نەدراوە).

ل١٢٣-١٣٢/ نووسەر لەو چەند لاپەڕەیەدا، باسی دروست بوونی مەڵبەند و تیپ وەکو یەکەی پێشمەرگایەتی دەکات، بەڵام ناوی دوو فەرماندەی نەبردووە کە سابیر ڕەسوڵ قادر حوسێن ناسراو بە (سابیر ڕەسوڵ/ ١٩٤٧ - هەولێر)ە، کە ماوەیەک فەرماندەی تیپی (٨٦)ی دەشتی هەولێر، فەرماندەی تیپی (٢١)ی کەرکوک و دواتریش بەرپرسی سەربازی مەڵبەندی سێی هەولێر بووە، دواتریش بەهۆی ئەو پارچە ساچمەیەی کە لە ناو سەریدا جێمابوو و بۆ ماوەی سێ ساڵ بێهۆشی کردبوو لە ڕێکەوتی (١٩٩٦/٨/٨)دا لە نەخۆشخانەیەکی سوید شەهید بوو. هەروەها شاخەوان عەباس (محەمەد عەباس عەولا)، کە نووسەر وەکو یەکەم فەرماندەی تیپی (٨٧)ی قەرەچوغ ناوی بردووە، کە لە ڕاستیدا شەهید شاخەوان هەرگیز فەرماندەی ئەو تیپە نەبووە، بەڵکو فەرماندەی تیپی (٨٦)ی دەشتی هەولێر، فەرماندەی تیپی (٨٥)ی بەڕانەتی و دواتریش بەرپرسی ڕێکخراوی (١)ی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە سنووری مەڵبەندی چواری ئەوکات لە دۆڵی سماقولی و دواتریش مەڵبەندی سێ، کە فەرماندە و سەرکردەی ناوبراو دواتر لە کارە تیرۆریستییەکەی (٢٠٠٤/٢/١)ی ناو مەڵبەندی سێ لە هەولێر شەهید بوو.

ل١٢٨/ تیپی ٥٩ی حەمرین بە فەرماندەیی هێمنە ڕەش (قەیسەر).
نووسەر دەبوایە ئاماژەی بەوەش بکردایە کە قەیسەر ئەحمەد ڕۆستەم (هێمنە ڕەش)، لە ڕێکەوتی (١٩٨٨/٧/١٧)دا لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکی دیکەی هەمان تیپ، سێ پێشمەرگەی حزبی شیوعییان بە ناوەکانی ئەحمەد سەلام کامیل سپێسەری (سەلام)، سەعد فەیلی ناسراو بە دڵشاد فەیلی (باوکی عیناد) و حەکیم سەرحەد ژاڵەیی (چیا) لە نزیک گوندی کانی تورکە لە بناری سێ تەپان شەهید کرد، هەروەها کادیر و پێشمەرگەیەکی عارەبی خەڵکی بەسرا-یان بەناوی ملازم هاشم کە بە ملازم سەعد یان (ئەبو یەسار) ناسرابوو، بە دەست بەستراوی ڕادەستی ئیستخباراتی سەربازی کردەوە و خۆیان بوون بە جاشی مەفرەزە خاسە. هێمنە ڕەش ئێستاکە، بە پلەیەکی بەرز خانەنشینی لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وەردەگرێت و لە وڵاتی هۆڵەندا نیشتەجێیە؛ (دەرسیم دیبەگەیی، ئینسکلۆپیدیای تۆمەتبارانی ئەنفال).

ل١٣٩/ لە <u>ساڵی ١٩٨٣ سەرەتا سەرپەرشتی ڕێکخستن</u> بە شێوەی ڕێکخراو پێکهات کە چوار ڕێکخراو بڕیاردرا دواییش کرا بە پێنج ڕێکخراو کە بەم جۆرە بوون: ڕێکخراوی یەکی سلێمانی، ڕێکخراوی دووی کەرکوک سەرپرشتیارانی بە دوای یەکدا ئەبوشەهاب، مامۆستا محسن خانەقینی، برایم جەلال، <u>ڕێکخراوی سێی هەولێر</u>، ڕێکخراوی چواری بادینان، <u>ڕێکخراوی پێنج سنووری گەرمیان هەتا بازیان</u> بە سەرپەرشتی هەڤاڵ ئاسۆی شێخ نوری.
لە ساڵانی (١٩٨٢-١٩٨٤)دا یەک تاکە ڕێکخراو لە سنووری مەڵبەندی (٤)ی ئەوکاتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سنووری هەولێر بۆ ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان هەبووە، ئەویش ڕێکخراوی (٥) بووە لە بالیسان و دواتریش گواسترایەوە بۆ گوندی خەتێ، هەرگیز ڕێکخراوێک لەو سنوورەدا نەبووە بەناوی ڕێکخراوی سێ!

ل١٣٩/ <u>لە کۆنفرانسی دووەم لە هاوینی ١٩٨٢ لە نێوزەنگ بڕیاری ڕێکخراو درا</u> کە شەهید م. جەمال تاهیر بەرپرسی ناوەندی ڕێکخستن بوو، وە ڕێکخراوەکانیش: <u>ڕێکخراوی دوو شەهید عەبدولرەزاق سەرپەرستیار</u> و کارگێڕانیشی شێخ عەلی و د. موراد، ئەندامانی ڕێکخراوەکەش کە بەرپرسی کەرتەکان بوون بریتی بوون لە: ئازاد جوندیانی، م. سەیفەدین.
لەدوای کۆنفرانسی دووی کۆمەڵە (١٩٨٢/٨/٢١/ خڕی ناوزەنگ)، ڕێکەوت عوسمان مەجید کرا بە بەرپرسی ڕێکخراوی (٥)ی سنووری مەڵبەندی (٤)، کە ئەوکاتە دکتۆر کەمال خۆشناو بەرپرسی سیاسی و شەهید سەید کەریم بەرپرسی سەربازی مەڵبەند بوون. ئەوکات هەم بارەگای مەڵبەند و هەم بارەگای ڕێکخراوی دوو لە گوندی بالیسان بوون، هەر لەو ساڵەدا لەپێناوی کارئاسانی و گەشەکردنی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لەناو شاری هەولێر و سنووری ئەو پارێزگایەدا شەهید مامۆستا بایز و دەرسیم دیبەگەیی وەکو دوو مامۆستا خۆیان گواستەوە بۆ گوندی (خەتێ)ی دۆڵی بالیسان و بووین بە ئەڵقەی پەیوەندی نێوان ڕێکخراوی (٥) بە سەرپەرشتی ڕێکەوت عوسمان مەجید و ڕێکخستنە سەربەخۆکانی هەولێر (لە دەرەوەی ڕێکخراوی هەولێر و بەجیا کارمان دەکرد و ژمارەمان زۆر بوو) کە تا مانگی تەموز یان ئابی ساڵی (١٩٨٣) ئینجا بەزۆر لەگەڵ ڕێکخراوی هەولێری کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان یەکمان گرتەوە و دوو هاوڕێمان بێستوون عومەر سوور و شەهید محەمەد قادر نادر بوون بە ئەندام ڕێکخراو، ئەگینا تا ئەو ساڵە سەربەخۆ کارمان دەکرد و پەیوەندی ڕاستەوخۆمان بە ڕێکخستنەکانی هێزی پێشمەرگە و ڕێکخراوی پێنجی کۆمەڵە هەبووە. ئەوانەی کە دەمناسین و لەبیرم مابێ و لە دەرەوەی ڕێکخراوی هەولێر کارمان دەکرد کە هەریەکە و بەرپرسی، شانەی سەرەکی، پۆل، کەرت یان هێل بوون، ئەمانە بوون: (شەهید محەمەد قادر نادر شەریف ناسراو بە ڕەهێڵ (١٩٨٧/١٢/٢٩ لە ئەبوغرێب لە سێدارە درا)، شەهید سلێمان محەمەد حەمەدئەمین ناسراو بە کرێکار (١٩٨٦/٣/١ لە ئەمنی هەولێر بێ ئەوەی هیچ نهێنییەک بدرکێنێ لەژێر ئەشکەنجەی زۆر دڕندانە شەهیدیان کرد)، شەهید بایز مەولود تەها نانەکەلی ناسراو بە توانا (١٩٩٢/٨/١٩ لە بەردەم ماڵەکەی خۆیدا بێتاوان شەهیدیان کرد)، خدر عومەر سوور حەمەد ناسراو بە بێستون (سەرەتای ساڵی ١٩٨٥ چووە شاخ)، عەبدولقادر محەمەد عومەر مەولود

ناسراو بە توژەر یان مەلا قادر، شەهید ئیسماعیل شێخ محەمەد سەعید (لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٢دا چووە شاخ، دواتر لە ٢٠٠٤/٢/١ لە کارە تیرۆرستییەکەی ناو مەڵبەندی سێی هەولێر شەهید بوو)، موزەفەر کەریم سنجاوی، خدر عەبدولڕەحمان محەمەد ناسراو بە دڵشاد، ڕەسوڵ مەحمود ڕەسوڵ ناسراو بە نەقیب ڕەسوڵ یان هەوراز، سامی مەحمەد محەمەد شوانی ناسراو بە بەهێز، جەمال مەولود ئەحمەد ئیبراهیم بڵباس ناسراو بە شاڵاو، مامۆستا حەیدەر ئیسماعیل ناسراو بە ڕێبوار ئێستا دکتۆر ڕێبوار (ساڵی ١٩٨٢ چووە شاخ)، دکتۆر حاجی نوری خۆشناو ناسراو بە دکتۆر نەبەز (١٩٨٥ چووە شاخ)، کەریم حەسەن مستەفا ناسراو بە ئاسۆ (ئەویش چووە شاخ)، دەرسیم دیبەگەیی، لە مانگی ٥ی ساڵی ١٩٨٥دا وازی لە کۆمەڵە هێنا). ئەو هاوڕێیانە دواتر سێ کەسیان بوون بە بەرپرسی ڕێکخراوی هەولێری کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان (خدر عومەرە سوور ١٩٨٤/٩/١٥ - سەرەتای ١٩٨٥، شەهید محەمەد قادر نادر لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٥ تاوەکو ڕۆژی گیرانی لە ١٩٨٦/٢/١٨ و عەبدولقادر محەمەد عومەر لە ١٩٨٦/٢/١٩ تا ڕاپەڕین). ڕێکخراوی (٥)ی کۆمەڵە لە مانگی (٥)ی ساڵی (١٩٨٣)دا دوای لێدانی (جود) بارەگای خۆی لە بالیسان بۆ ناو قووتابخانەی خەتێ گواستەوە، ڕێکەوت عوسمان تا بەستنی کۆنفرانسی (٣)ی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان وەکو بەرپرسی ئەو ڕێکخراوە مایەوە. هەرچی سەبارەت بە شەهید عەبدولڕەزاق محەمەد عومەر مەولودە (١٩٩١/٣/٢٨ لە کەرکوک شەهید بوو)، لە کۆنفرانسی سێی کۆمەڵە (١٢-١٩٨٤/٧/٢٢ مێرگەپان)دا هاتە دەرەوەو بووە بەرپرسی ڕێکخراوی یەکی کۆمەڵە لە گوندی توتمە لە سنووری مەڵبەندی چواری ئەوکات و شەهید شاخەوان (محەمەد عەباس عەولا، ٢٠٠٤/٢/١ لە مەڵبەندی سێ شەهید بوو)، کرا بە بەرپرسی ڕێکخراوی یەکی کۆمەڵە لە گوندی (سوسێ) لە دۆڵی سماقولی کە ئەو ڕێکخراوەش هەر لە سنووری مەڵبەندی چواری ئەوکات بوو.

ل١٤٨/ لەناو بەرنامەو پیلانەکانی ڕژێم بەمەبەستی بەرگری و لاوازکردنی هێزی پێشمەرگە بە خەیاڵی خۆی و لە (١٩٨٢/٧/١٧) لێ بوردنی گشتی بۆ سەربازە هەڵاتوەکانی کوردستان دەرکرد، بەبۆنەی یادی چەند ساڵەی بەناو شۆڕشی حزبی بەعس و چەند ساڵەی دەسەڵاتدارێتیی سەدام حوسێن بە سەرۆک کۆماری ئێراق کە لە <u>١٩٧٨/٧/١٧</u>دا بوو بە لادانی سەرۆکی پێشوو (ئەحمەد حەسەن بەکر).
سەدام حوسێن لە ڕۆژی (١٩٧٩/٧/١٦)دا دەسەڵاتی گرتە دەست و ئەحمەد حەسەن بەکری لادا، نەک لە تەموزی ساڵی (١٩٧٨)، کە ئەمەشیان هەڵەیەکی دیکەی نووسەرە!

ل١٥٢/ لە ڕۆژی (١٩٨٣/٤/١٥) شەهیدی فەرماندە کاکە (شەماڵ) شێخ محمد باخی شەهید کرا لە دێی باداوانی دۆڵی خەلەکانی کۆیە لەگەڵ شەهیدی فەرماندە سەرباز ئەحمەد خدر کۆیی و سعید تەقتەقی و <u>کامەران ڕەشۆ (فارس)</u> کە ئەکەونە بۆسەیەکی دانراوی هاوبەشی پێشمەرگەکانی بەرەی <u>جووت</u> لە سوشیالیست و حزبی شیوعی.
ڕەشۆ ناوی نهێنی کامەران فارس حەمەد ئیبراهیم بووە، نە وەکو ئەوەی عوسمان کانی پانکەیی نووسیوێتی.
ئەو بەرەیەی لەنێوان پارتی، سۆسیالیست، پاسۆک و شیوعی هەبووە ناوی (جود) بووە، نەک وەکو ئەوەی نووسەر نووسیوێتی: (جووت).
ناوی تەواوی چوار شەهیدەکە و بەرپرسێتییان بەمشێوەیەی خوارەوەیە: شەهید شەماڵ (محەمەد شێخ مەحمود محەمەد) فەرماندەی تیپی (٩٣)ی کۆیە، سەرباز ئەحمەد خدر ئەحمەد کۆیی (١٩٥٧/ کۆیە)، جێگری فەرماندەی تیپی ناوبراو، سەعید محەمەد عەبدوڵڵا (١٩٥٠/ گەرمک) و کامەران فارس حەمەد ئیبراهیم ناسراو بە ڕەشۆ (١٩٦١/٧/١/ کۆیە/ سەرباغ)؛ دەرسیم دیبەگەیی، شکاندنی باستیلەکەی موسڵ، یان چەواشەکردنی مێژوو؟).

ل١٧٠-١٧١/ لە هاوینی ساڵی ١٩٨٤ی وتوێژدا چەند فەرماندە وپێشمەرگەیەکی تیپەکانی هەولێر بە نیازی سەردانی کەسوکاریان چوونە ناو <u>گەڕەکی کورانی</u> هەولێر کە ئەوانیش: سەفین مەلا قەرە، سەڵاح شینە، محەمەد حاجی و وە چەند پێشمەرگەیەک لە کاتێکدا <u>لە ماڵی خوشک و برایەکی سەفین مەلا قەرە بوون</u> لە لایەن دەزگاکانی ڕژێمی

بەعسەوە هانی جاشەکانی سەید قەهار ئەدەن بە کۆمەڵێک جاشەوە پەلامار و گەمارۆی کوران و سنووری پێشمەرگەکان ئەدەن، شەڕ و بەرگری دروست ئەبێ کاتێ هەواڵەکە ئەگاتە کەرتەکانی پێشمەرگەی دەوروپشتی هەولێر بە تایبەتی کەرتی ٢ی تیپی ٨٥ی بەڕانەتی کە بارەگاکەیان لە گوندی عارەب کەند ئەبێ ئەمانیش پێشمەرگە ئاسا بە مەبەستی ڕزگار کردنی فەرماندەو پێشمەرگەکانیان خۆیان ئەگەیێننە ڕووداوەکە لە گەڕەکی کوران دوای شەڕێکی چەند سەعاتی فەرماندە و پێشمەرگەکان ڕزگار ئەکەن بەڵام بەداخەوە پێشمەرگەیەکیان بەناوی حسین شەهید ئەبێ و سیانیشیان بریندار وە بریندارەکان (مەلا برایم مەلا قەرە) ئەبێ، هەروەها سەمەد مەخموری، نەجم مەخموری کە ئەوانیش بە داخەوە دواتر لە چەند ڕووداوێکدا شەهید ولە سێدارە دران.

لە ڕێکەوتی (١٩٨٤/٦/٦)دا مەناف نادر قادر حەمەد ناسراو بە سەفین مەلاقەرە، سەلاح شینە عەبدولڕەحمان خدر بندیان ناسراو بە سەلاح شینە و دوو پێشمەرگەی دیکە لە ماڵێک دەبن لە گەرەکی (سەدام)ی ناو شاری هەولێر، جاشەکانی سەید قەهار چوار دەوریان دەگرن و دەبێتە شەڕیان. لەو شەڕەدا پێشمەرگەیەکی تیپی (٨٦)ی دەشتی هەولێر بەناوی حوسێن محەمەد حوسێن شەهید دەبێ و بەگوێرەی ئاگاری خۆم دوو پێشمەرگە بریندار بوون کە ئەمانە بوون: (ئیبراهیم مەولود حەسەن ئەمین ناسراو بە مەلا برایم مەلاقەرە (٢٠٠٧/٥/١٤/ کارگێڕی مەڵبەندی سێی ڕێکخستنی هەولێر لە نزیک گوندی منارەی نێوان هەولێر دیبەگە بە کارەساتی ئۆتۆمۆبێل کۆچی دوایی کرد)، سەمەد ئەحمەد ئیسماعیل مەخموری ناسراو بە هێمن، کە بە برینداری هێنایان بۆ ماڵی بێستون عومەرە سوور و خۆم بە پەلە گەڕامەوە دیبەگە و دوو دار شەقەم بۆی هێناو هاتمەوە. ڕۆژی دووەمیش شەهیدان عەبدولڕەزاق و شەهید بەهرۆز محەمەد ساڵح نادر ناسراو بە شوان یان بەهرۆز قەشقە (٢٠٠٤/٢/١ لەناو مەڵبەندی سێ شەهید بوو) وەکو نوێنەرانی ڕێکخراوی هەولێر سەردانیان کرد و دیارییان بۆ ناوبراو هێنا. سەمەد مەخموری، لە مانگی نیسانی ساڵی ١٩٨٦دا گیراوەو دواتر لە ڕێکەوتی ١٩٨٨/٢/٢١دا لە زیندانی ئەبوغرێب لە سێدارە دراوە). سەبارەت بە برینداربوونی نەجم مەخموری هیچ زانیارییەکم نییە!

ئەوەی دەمەوێ سەبارەت بەو شەڕە باسی بکەم، ڕۆڵی بەرچاوی پۆلیسی بنکەکانی پۆلیسی ئازادی، کوران و پۆلیسی فریاکەوتنی هەولێرە، کە تاوەکو ئێستاکە هیچ لایەن و کەسێک ئاماژەی پێ نەکردووە کە هەر ئەو پۆلیسانە بوون تا گەییشتنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، تەقەیان لە جاشەکانی سەید قەهار دەکرد و شانبەشانی ئەو چەند پێشمەرگەیە و لەپێناوی ڕزگارکردنی پێشمەرگەکان شەڕی جاشەکانیان دەکرد!

ل١٧٧/ لە ١٩٨٥/٩/٢ هێزەکانی پێشمەرگەی سنووری هەولێر لەنێوان هەولێر و مەخمور ئەنجامیان دان و دەستی باشیان لە ڕژێم وەشاند هەرچەند ڕژێم درێغی نەئەکرد لە لێدانی کورد بە هەموو کەس و شوێنەکانەوە لەوانە بۆردمانی ئۆردوگاکانی زێوێ لە بادینان بە فرۆکە و زۆر نامرۆڤانە نزیکەی (٢٠٠) کەس لە ژن و منداڵ و پیرو گەنجیان شەهید کرد لەیەک کاتدا، هێزی پێشمەرگە لە چالاکییەکی بەرچاودا،

سەرەتا ئۆردوگای زێوێ لە ناوچەی بادینان نەبووە، بەڵکو دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تایبەت بووە بە کوردی باشووری کوردستان، لە ڕۆژی (١٩٨٥/٦/٩)دا لەلایەن هەشت فرۆکەی ڕژێمی سەدام بە بۆمبی فسفۆر و ناپاڵم بۆردومان کرا کە بووە هۆی شەهیدکردنی (٣١٣) هاووڵاتی و بریندارکردنی (٣٧٣) هاووڵاتی دیکە؛ سەرچاوە: (دەرسیم دیبەگەیی، ئینسکلۆپیدیای تۆمەتبارانی شاڵاوی ئەنفال لە باشووری کوردستان).

هەروەها نووسەر ڕستەی (هێزی پێشمەرگە لە چالاکییەکی بەرچاودا،)ی تەواو نەکردووەو مەبەستی نەپێکاوە، جا نازانم لەدوای هەر چوار جاری چاپەکە هەر وابووە، یان تەنیا لە چاپی چوارەم تەواو نەکراوە و بەشێکی فڕیوە؟

ل١٨٠/ لە خاڵی (١١)دا نووسیوێتی: (لە (١٩٨٥/٦/٩) دوژمن هەروەکو پیشەی هەمیشەیی لە لێدانی کورد بێ جیاوازی بە فرۆکە لە ئۆردوگای زێوێی بادینانی داو زیاتر لە (٢٠٠) دوو سەد کەسی لێ شەهیدو بریندار کردن کە زۆربەیان ژن و منداڵ و پیر بوون).

ئەوەشیان هەر هەڵەیەو ئۆردوگای زێوێ (زێوە) ناکەوێتە بادینان، بەڵکو دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ژمارەی قوربانییەکانیش لە سەرەوەدا ئاماژەی پێ دراوە.

ل١٨٨/ نووسەر باسی بۆردومانی شارۆچکەی قەڵادزێ (١٩٧٤/٤/٢٤) و هەڵەبجە (١٩٧٤/٤/٢٦)ی کردووە، کەچی باسی بۆردومانی (١٩٧٤/٤/٢٩)ی گەڵاڵەی نەکردووە!
بۆردومانکردنی شاری قەڵادزێ لە ڕێکەوتی (١٩٧٤/٤/٢٤)دا لە لایەن هێزی ئاسمانی ئێراق، بووە هۆی شەهید کردنی نزیکەی (١٦٣) کەس و بریندارکردنی نزیکەی (٣٥٠) کەس لە ژن و منداڵی بێتاوان. دوو لە فڕۆکەوانە ناسراوەکان کە شاری قەڵادزێ-یان بۆردومان کرد (ڕائیدی فڕۆکەوان سالم سوڵتان عەبدوللا بەسۆ موسلاوی و نەقیب محەمەد نەبیل ئەحمەد موسڵاوی) بوون. ڕائید سالم سوڵتان بەسۆ کە برای (غانم سوڵتان بەسۆ)ی پارێزگاری موسڵ و ڕەگەزپەرست و دژ بە کورد بوو. ڕائید سالم سوڵتان عەبدوللا بەسۆ، سەرکردایەتی ئەو پۆلە فڕۆکەیەی کردووە کە شاری قەڵادزێ-یان ناپاڵم و فسفۆر باران کرد، لەکاتی شاڵاوەکانی ئەنفال لە ساڵی (١٩٨٨)دا بە پلەی لیوا ڕوکنی فڕۆکەوان پۆستی بەڕێوەبەری هەواڵگری ئاسمانی (مدير الاستخبارات الجوية)ی هەبووە، بەڵام سەدام لە ڕێکەوتی (١٩٩٣/١١/١٣)دا بەتۆمەتی کۆدەتا گولله بارانی کرد. هەروەها نەقیبی فڕۆکەوان محەمەد نەبیل ئەحمەد موسڵاوی (أبو صدام) دوای ڕوخانی ڕژێم (أبو حسام)، بە پلەی لیوا ڕوکن لەلایەن نوری کامل مالیکی سەرۆک وەزیران کرا بە بەڕێوەبەری گشتیی لە دەزگای هەواڵگری نیشتمانیی (٢٠٠٧-٢٠١٠/١/٢٦)، سەرەڕای ئەو تاوانەی کە لە ساڵی (١٩٧٤) لەدژی دانیشتوانی قەڵادزە ئەنجامی دابوو هەروەها سەرەڕای ئەوەی کە بەر لە ڕوخانی ڕژێمی سەدام لە حزبی بەعس پلەی (عضو فرقة)ی هەبووە لە وەزیریەی بەغدا، دەرسیم دیبەگەیی، ئینسکلۆپیدیای تۆمەتبارانی ئەنفال.
بۆردومانکردنی شارۆچکەی هەڵەبجە لە ڕێکەوتی (١٩٧٤/٤/٢٧)دا بووە نەک ڕۆژی (١٩٧٤/٤/٢٦) وەکو عوسمان کانی پانکەیی نووسیوێتی، کە (٤٣) شەهید و زۆرتر لە (٥٠) برینداری لێکەوتەوە؛ (دەرسیم دیبەگەیی، ئینسکلۆپیدیای تۆمەتبارانی ئەنفال).
ئاماژە نەکردنی نووسەر بە بۆردومانی ئاسمانی شارۆچکەی گەڵاڵە لە ڕێکەوتی (١٩٧٤/٤/٢٩)داو شەهید کردنی (٢٩) هاووڵاتی و پێشمەرگە لەسەر پردەکەی گەڵاڵە، نازانم هۆکارەکەی بۆ چی دەگەڕێتەوە!

ل١٩٣/ وە لەم ساڵەدا (١٩٨٦) چالاکیەکانی پێشمەرگە بەرەو هێرش بردنەسەر دام و دەزگاو سەربازەکان و ڕزگارکردنی شارۆچکەکان پەلی هاویشت، لە ١٩٨٦/٩/٢ لە پەلامارێکی پێشمەرگە ئاسادا توانیان <u>شارۆچکەی ناحیەی</u> کارێزە ڕزگار بکەن لە دەسەڵاتی ڕژێم پاکی بکەنەوە کە بەداخەوە کەسایەتیەکی کوردستانی ئێران بەناوی مەلا محمد بێژویی (محەمەد مەلا عەلی) شەهید بوو، <u>لە (١٩٨٦/١١/٧) خەونێکی زۆر گرنگ و ئاواتێکی گەورەی گەلی کوردو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازەکانی هاتەدی</u> کە ئەویش وە لە ڕۆژی ١٩٨٧/٥/٢٩ شارۆچکەی تەقتەق ڕزگار کرا بەڵام <u>بەشەهید بوونی فەرماندەی چالاکیەکە (عبدالرحيم)و نۆ پێشمەرگە.</u>
تێکەڵییەکی زۆر دەبینم و تێگەییشتن لەو چەند بابەتە زۆر بە زەحمەت دەزانم، چونکە مرۆڤ سەری لێ دەشێوی و نازانێ بەدی هێنانی ئەو خەون و ئاواتە گەورەیەی کورد لە کام ڕۆژ (١٩٨٦/١١/٧) یان (١٩٨٧/٥/٢٩)دا هاتۆتە دی و خەونەکە چی بووە؟ ئایە خەونەکە ڕزگارکردنی شارۆچکەی تەقتەق بووە یان شتێکی دیکە؟
نووسەر لێرەدا باسی شەهید بوونی (١٠) پێشمەرگە دەکات، کەچی هەر خۆی لە لاپەڕە (٢٦٤)دا ژمارەی شەهیدەکانی بە (١٣) شەهید داناوەو لەنێویاندا ناوی شەهید عەبدولڕەحیم و شەهید ئازاد داربەسەری ناوبردووە. لە ڕاستیدا ژمارەی تەواوی شەهیدەکان (١١) شەهیدە.
لە شەوی (٢٩/٣٠-٥-١٩٨٧)دا و لەکاتی هێرش و پەلاماری هێزێکی گەورەی هاوبەشی مەڵبەندەکانی (٢+٣)ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە پێکهاتبوو لە زۆربەی تیپەکانی ئەو دوو مەڵبەندە لەپێناوی ئازادکردنی شارۆچکەی تەقتەق و گرتنی سەربازگەی قەڵاتەی تەقتەق کە بارەگای فەوجێکی سوپای میللی (الجيش الشعبي) تێدابوو، چەند سەرۆکجاشێک

لە نێویاندا ئەسوەد تەقتەقی فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی سەر بە ئیستخبارات و جاشەکانی مەفرەزەکەی، پەنایان بردبووە بەر ڕەبیەی سەر پردەکە و مونەزەمەی بەعس کە تەنیا ئەو دوو شوێنە لەو شەوەدا نەگیران. لە ئەنجامی بەرەنگاری سەختی جاشەکانی ئەسود و پیاوانی ڕژێم لەم دوو شوێنەدا یازدە پێشمەرگە شەهید بوون کە بەشێکیان ئەمانەن: (عەبدولڕەحیم عەبدوللا عەبدولڕەحیم سەنگەسەری، ئەندامی مەکتەبی عەسکەری و بەرپرسی سەربازی مەڵبەندی دوو، ئازاد سابیر تەها قادر داربەسەری، فەرماندەی کەرتی چوار لە تیپی (٨٦)ی دەشتی هەولێر، ئیسماعیل محەمەدئەمین یونس پیرداود ناسراو بە ئیسماعیل بچکۆڵ پێشمەرگەی کەرتی (٢)ی تیپی (٨٥)ی بەڕانەتی، تاریق ناسراو بە باپیرە قەسرۆکی فەرماندەی مەفرەزە لە کەرتی یەکی ساڵەیی تیپی (٢١)ی کەرکوک، عەبدولسەلام محەمەد ڕەمەزان گۆران ناسراو بە سەلام گۆران پێشمەرگەی تیپی (٨٥)ی بەڕانەتی، کاوە کۆیی پێشمەرگەی تیپی مەڵبەندی سێ، لوقمان عەبدولڕەحمان کاوێس ئیسماعیل قۆڕیتانی پێشمەرگەی تیپی (٩٣)ی کۆیە، موحسین حەمشین فەرماندەی مەفرەزە لە کەرتی پێنجی گۆڕقەرەجی تیپی (٨٦)ی دەشتی هەولێر و یاسین پیرداود حەمەد پیرداود ڕۆژبەیانی (شێخ بزێنی) پێشمەرگەی کەرتی یەکی ساڵەیی لە تیپی (٢١)ی کەرکوک؛ (دەرسیم دیبەگەیی، ئینسکلۆپیدیای تۆمەتبارانی ئەنفال).

ل٢٠٥/ لە ١٩٨٧/٦/٢٤ دا بە فڕۆکە لە دێی (نازەنین)ی داو چەندەها هاولاتی لە ژن و منداڵ شەهید کرد.
ئەوەی عوسمان کانی پانکەیی باسی دەکات، یەکەم: بۆردومانەکە ڕۆژی (١٩٨٧/٦/٢٦) بووە، دووەم: چەندان پێشمەرگە لە گوندی نازەنینی دۆڵی خۆشناوەتی شەهید بوون نەک چەندان هاوولاتی، کە شەهیدەکان ئەمانە بوون (یاسین سەعید جوامێر دەلۆ (جوامێر/ ١٩٥٦/ دارەتوو)، فەرماندەی تیپی (٩١)ی سەفین، ئەبوبەکر ئیبراهیم ڕەحمان ئیبراهیم ناسراو بە خەبات، ئاوارە، سامی، برایەکی زەکیەی هاوسەری ئەیوبی برازای شەهید جوامێر، عوسمان سەعید نادر ئیبراهیم ناسراو بە ئاوات، موسلح)، لەگەڵ مام سەیدەی دوکاندا کە خەڵکی گوندی نازەنین بووە.

ل٢١٣/ لە (١٩٨٧/١٠/١٧) سێ سەد (٣٠٠) هاولاتی لەشارۆچکەی شەقلاوە دەستگیرکرد، لە ١٩٨٥/١١/٤ بیست و پێنج (٢٥) کەسی لێ گوللەباران کردن.
سەرەتا ئەو (٣٠٠) هاوولاتییە لە ڕێکەوتی (١٩٨٧/١٠/١٦)دا گیراون، دواتر (٢٢) هاوولاتیان نەک (٢٥)یان لە ڕێکەوتی (١٩٨٧/١١/١٥)دا گوللە باران کراون، چونکە (٣) کەسیان لە ئەمنی هەولێر لەژێر ئەشکەنجەدا شەهید بووە، کەچی ئەو نووسیوێتی، (٢٥) کەسیان لە ڕۆژی (١٩٨٥/١١/٤)دا گوللە باران کراون.

ل٢١٤/ لە ڕۆژی (١٩٨٧/١١/٢٤) لەدێی (سیروان)ی مەرگە بەهۆی خۆفرۆشێکەوە مستەفا چاوڕەش ژەهر خوارد کراو زۆر بەسەختی لێی دراو لەدەرەوەی وڵات چارەسەرکرا، بەڵام زۆر بەداخەوە ئەو دایکە هەژارەی کەناوی (خدیجە حسین) بوو شەهید بوو لەگەڵ پێشمەرگە (بێستون ملا عومەر)و (مریم ملا محرم) کچی امام جمعەی مەرگەو هەر لەم کارەساتەدا د.محمود عوسمان و عدنان موفتی ژەهرەکە کاری تێکردن و لەدەرەوەی وڵات چارەسەرکران.
ناوەکانی هەندێک بە عەرەبی و هەندێکیانی بە کوردی نووسیوە، دەبوایە هەر هەمووی بە کوردی بنووسیبایە نەک بە عەرەبی، چونکە ئەو بە کوردی و بۆ کوردی نووسیوە، نەک بە عەرەبی و بۆ عەرەبی نووسیبێت!
عەلی تۆفیق محەمەد (عەلە لوت ماسی)، فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ژمارە (٨٥)ی ئیستخباراتی ڕژێمی بەعس و سەدام، لە ڕێگای ژنێکەوە بەناوی (نەرمین حەوێز)، کە ژنی کادیری دێرینی کۆمەڵە و پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان جەبار عەلی عەوێز بوو، توانی لە ڕێکەوتی (١٩٨٧/١١/٢٤)دا کۆمەڵێک بەرپرسی (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان)، سەرکردەی کورد، پێشمەرگە و ئەندامانی چەندین خێزانی پێشمەرگە لە گوندی (سێروان)ی نزیک مەرگە ژەهر خوارد بکات بە ژەهری سالیۆم. قوربانییەکانی ژەهر دەرخوارد کردنەی عەلە لوت ماسی و نەرمین حەوێزی سیخوری ناوبراو بریتین لە هەریەک لە: (دکتۆر مەحمود عەلی عوسمان عومەر (دکتۆر مەحمود عوسمان، ئەندامی

مەکتەبی سیاسی ئەوسای حزبی سۆسیالیستی کوردستان و ئەندامی ئێستای پەرلەمانی ئێراق – لەسەر لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان)، عەدنان ڕەشاد محەمەد عوسمان موفتی (عەدنان موفتی، سەرۆکی پێشووی پەرلەمانی کوردستان و ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان)، دکتۆر شوان محەمەد عەزیز (وەزیری مافی مرۆڤ لە کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان)، مستەفا قادر مەحمود (مستەفا چاوڕەش، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان)، سامی فەتاح لەتیف عەبدولوەهاب (سامی شۆڕش، ئەندامی ئەوسای یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و ئەندامی ئێستای پەرلەمانی ئێراق – لەسەر لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان، کە لە ڕێکەوتی (٢٠١٠/١١/١١)دا مرد)، تریفە محەمەد سەعید، عومەر عەلی ساڵح، وە هەریەک لە پێشمەرگەی دێرین و کادیری ناسراو و پێشکەوتووی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بێستون مەلا عومەر، خەدیجە حوسێن (دایکی مستەفا چاوڕەش) و سەریعە مەلا موحەڕەم مەرگەیی لە هەمان ڕۆژدا واتە لە ڕێکەوتی (١٩٨٧/١١/٢٤)دا هەر سێکیان گیانیان لە دەستدا)، هیچ کەسێک بەناوی مریەم مەلا موحەڕەم نەمردووە وەکو نووسەر ناوی هێناوە. عەلە لوت ماسی هەر لە ڕێگای نەرمین حەوێز، پێشتریش لە ڕێکەوتی (١٩٨٧/١١/١٠)دا کۆمەڵێک پێشمەرگەی تری بە سالیۆم ژەهر خوارد کردبوو، بەڵام پێدەچوو بڕی ژەهرەکە کەم بووبێت بۆیە کاریگەری زۆری نەکردۆتە سەر تەندروستی و ژیانی تەواوی ژەهر خواردووەکان کە بریتی بوون لە هەریەک لە: (مستەفا قادر مەحمود ناسراو بە مستەفا چاوڕەش، هاوار مەحمود، جەلال ئەمین بەگ (عەمید جەلال مینە بەگ) لێپرسراوی هۆبەی نەهێشتنی مادە هۆشبەرەکان لە ئاسایشی سلێمانی، خالید حوسێن، ڕێزان مەحمود قادر (خوشکی مستەفا چاوڕەش)، مەحمود ڕەشید (خاڵە نەبەز)، عوسمانی قادر منەوەر بەرپرسی سەربازی حزبی سۆسیالیست (دواتر بەرپرسی سەربازی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لە ڕێکەوتی ١٩٩٤/٦/٩دا لە پێنجوێن بەدەستی پێشمەرگەکانی ی. ن. ک. کوژرا)، عومەر جەیران و عومەر بۆتانی، پێشمەرگە و ئەندامی ئەوسای سەرکردایەتی حزبی سۆسیالیستی کوردستان و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی (١٩٩٢)دا، کە دوای پشکنینی پزیشکی دەرکەوت کەمێک مادەی سالیۆم لە گیانیدا هەیە). جەبار عەلی عەوێزی هاوسەری نەرمین حەوێز، کادیر و پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە کۆتایی گفتوگۆی یەکێتیی و ڕژێمی بەعسدا لە ساڵی (١٩٨٤)دا لە لایەن ڕژێمەوە گیرا. نەرمینی هاوسەری ناوبراو پێدەچێت بەبێ ئاگاداری جەباری مێردی لەگەڵ ئیستخبارات و عەلی تۆفیق محەمەد پێکهاتبێ لەبری ئازادکردنی مێردەکەی کار بۆ ڕژێم بکات، ئەوەبوو ڕژێم پاش نزیکەی دوو ساڵ تێپەڕبوون بەسەر گیرانی جەبار، ناوبراوی بە گۆڕینەوە ئازادکرد. جەبار عەلی عەوێز دوای ئازادکردنی دیسان بووەوە بە پێشمەرگە، نەرمین ژنی ناوبراو بەگوێرەی پلانی داڕێژراوی دەزگاکانی سەر بە ڕژێم خۆی گەیاندە ناوچە ئازادکراوەکان، بەڵام نزیکەی دوو هەفتەیەک بەر لەو تاوان و کارەساتە گەورەیە جەباری عەلی عەوێز خۆی گواستبووەوە بۆ مەڵبەندی یەکی قەرەداغ و نەرمینی ژنی ڕەوانەی سلێمانی کردبووەوە، کەچی دوای نزیکەی هەفتەیەک نەرمین بەبێ ئاگاداری جەباری مێردی دێتەوە گوندی سێروان و دەچێتە ماڵی مستەفا چاوڕەش. نەرمین لە ماڵی مستەفا چاوڕەش بە پاساوی هاوکاری کردنی ژنانی ئەو ماڵە خواردنی ئامادە دەکرد، چونکە ئەوکات ژنەکەی مستەفا چاوڕەش لەلایەن بەعسەوە گیرابوو و دایکیشی بەهۆی تەمەنییەوە خواردنی میوانی پێ ئامادە نەدەکرا. پاش ماوەیەک نەرمین لە دەرفەتێکدا کە کۆمەڵێک سەرکردە و پێشمەرگە میوانی ماڵی مستەفا چاوڕەش دەبن، ژەهری سالیۆمی کردبووە ناو ماستاو و دوای ئەنجامدانی پلانەکەی دوژمنان و ئەو تاوانە نامرۆڤانەیە دەستبەجێ بەرەو سلێمانی ڕایکردبوو. دوای ئەو تاوانەی نەرمین حەوێز، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە بروسکەیەک داوای لە جەبار عەلی عەوێزی پێشمەرگە و کادیر کرد کە بگاتە سەرکردایەتی، کاتێک دوای چەند ڕۆژێک جەبار گەیشتە بارەگای سەرکردایەتی یەکێتیی و یەکسەر گیرا و ڕەوانەی زیندانی بەرگەڵوو کرا. پاش تێپەڕبوونی سێ مانگ بەسەر زیندانیکردنی جەباردا، لە ڕێکەوتی (١٩٨٨/٢/١٣)دا لە نزیک ئەو زیندانە بە چەند فیشەکێک کۆتایی بە ژیانی پێشمەرگەی ناوبراو هات؛ (دەرسیم دیبەگەیی، ئینسکلۆپیدیای تۆمەتبارانی ئەنفال).

ل٢١٦/ له ١٩٨٧/٧/١٤ لەناو شاری کرکوک سێ مامۆستای دڵسۆزی خوێندکارەکانی لەسێدارەدا بەبێ هیچ تاوانێک ئەوانیش بەناوی: - (مامۆستا عبدالقادر ملا عمر، مامۆستا شێرزاد شێخ حسێن، مامۆستا ڕەئوف عبدالرزاق).
عەبدولقادر عومەر ساڵح (مامۆستا عەبدولقادر)، لێپرسراوی ڕێکخراوی کەرکوکی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان (ی. ن. ک) بوو، له هاوینی ساڵی (١٩٨٦)دا لەگەڵ دوو ئەندامی ڕێکخراوی کەرکوکی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان (ڕەئوف عەبدولڕەزاق ساڵح و شێرزاد حوسێن محەمەد جەباری) دەستگیر کران، له ڕۆژی (١٩٨٧/١/١٥) بڕیاری له سێداره دانیان دەرچووه، فەرمانی کۆماری ژماره (٢٧٠)ی (١٩٨٧/٥/١٧) بۆ له سێداره دانیان دەرکراوه، دواتر له ڕۆژی (١٩٨٧/٦/١٧)دا له ئەبوغرێب له سێداره دراون؛ (دەرسیم دیبەگەیی، ئازاره شاردراوەکان یاداشتی زیندان).

ل٢٢٨/ سەبارەت به داستانی مەزنی دەشتێو، زۆر به کورتی بەمشێوەیه نووسیوێتی: (لەسنوری پشدەری قەڵادزێ له ڕۆژی (١٩٧٨/٣/٨) بەسەرپەرشتی شەهیدی سەرکرده (سعدی گچکه) له ڕێی ڕۆیشتنی دا بۆ کۆبوونەوەی سەرکردایەتی هێزێکی زۆری عەسکەری ڕژێم بەپشتیوانی چەندەها فڕۆکه لێیان دان لەگەڵ ئەوەشدا گەورەترین شەڕی بەرامبەریان لەگەڵدا کردن و توانیان نزیکەی (١٦٠) سەربازو ئەفسەر بکوژن و سەدەها بریندارو تێکشانی کۆپتەر، که بەداخەوه (سعدی گچکه) فەرماندەو سەرکرده شەهید بوو لەگەڵ ئەم پێشمەرگانەدا، فاروق صدیق، فەرخ قادر، فریق همزه، شاهین عزالدین، تاهر حەمەد، جەبار أسماعیل، عوسمان باوه، عەزیز باپیر، سامی عبێد، صباح جەمیل، أحمد حەمه ئەمین، أحمد محمدو چواریش بەدیل گیران ئەوانیش له ١٩٧٨/٦/١ لەسێدارەدران که ئەمانه بوون: جعفر أسود، حسێن عبدالرحمن، جواد کەریم، کمال واحد کۆیی بوون شەهیدەکانیش هەولێری بوون).
له شەڕی داستانی دەشتێو (١٤) پێشمەرگه شەهید بووینه و (٥)یش بەدیل گیراون، که دواتر له بەشی سێدارەی زیندانی موسڵ (٤)یان له سێداره دراون. نووسەر تەنیا ناوی (١٣) شەهیدی نووسیوه، هەروەها هیچ کەسێک لەو شەڕەدا بەناوی عەزیز باپیر (عەزیز باپیر گۆمەشینی) بەڵکو شەهید نەبووەو ئەو یەکێک بووه له دیلەکان، بەڵام لەبەر کەم تەمەنی سزای (٢٠) ساڵ زیندانی بۆ بڕاوەتەوەو دواتر له لێبووردنی گشتی مانگی تەموزی ساڵی (١٩٧٩)دا ئازادکراوه. کەواته نووسەر تەنیا ناوی (١٢) شەهیدی نووسیوه!
شەهیدەکان بریتیین له: سەعدی عەزیز محەمەدئەمین ئەندامی سەرکردایەتی و فەرماندەی هەرێمی هەشتی هەولێر، ئەحمەد حەمه کەریم بابەکر جاف ناسراو به ئەحمۆ چەمرگەیی (١٩٥٦/ کۆیه/ گوڕزه)، ئەحمەد محەمەدئەمین حەمەد خدر گەلاڵی (١٩٥٣/ کۆیه/ چەمرگه)، تاهیر محەمەد عەلی ڕەحمان سوورچی (١٩٥٥/ گاوەره/ دیبەگه)، جەبار ئیسماعیل گۆمەشینی (کۆیه)، حەمه حەمەدئەمین سکتانی (کۆیه)، سامی عوبێد، سەباح جەمیل چەمرگەیی (کۆیه)، سەباح جەمیل ئەحمەد محەمەد بلباس (١٩٤٨/ هەولێر/ کۆیه/ چەمرگه)، شاهین عەزیز جومعه عەبدوڵڵا شوانی (١٩٥٥/ کەرکوک/ پردێ)، عوسمان ئەحمەد حەسەن باوه (باوەقوب)، فاروق سدیق ئیبراهیم خەلیل هەولێری ڕابەری سیاسی هەرێمی هەشت، فەرخ قادر ئەحمەد (قەراج/ مەخمور)، فەریق هەمزه ساڵەیی (کەرکوک/ پردێ/ سەربیر).
چوار پێشمەرگه دیل و له سێداره دراوەکانیش بریتی بوون له: (جەعفەر ئەسوەد ئەحمەد میکائیل (١٩٥٢/ هەولێر/ کۆیه)، فەرماندەی مەفرەزه، جەواد کەریم مەحمود خدر گۆمەشینی (هەولێر/ کۆیه)، حوسێن عەبدولڕەحمان سەعید گۆمەشینی (هەولێر – کۆیه) و کەمال واحێد مەحمود بەرزنجی (١٩٥١/ هەولێر/ کۆیه/ گۆمەشین)ی، که دواتر له ڕۆژی (١٩٧٨/٦/٢١)دا له موسڵ له سێداره دراون.

ل٢٤٢/ داستانی کەپنەکە ڕەش. له ڕۆژی ٢١ی ٤ی ١٩٨٥ لەکاتی گەڕانەوەی پۆلێک پێشمەرگه لەداستانی گوێڕ لەڕۆژێکی خۆڵاوی و تەمومژ که هێزەکانی ڕژێمی بەعس دوای ئەم پێشمەرگانه ئەکەوێت کاتێک ئەزانن که دەبابه بۆ ٥٠ مەتر ئەبینن ئەمانیش خۆیان ئاماده ئەکەن بۆ بەرگری که پێشمەرگەکان ٣٥ تا ٣٨ پێشمەرگه بوون. هێزی ڕژێمی بەعس له هەشت قۆڵەوه بەژمارەی زیاتر له هەزار سەرباز دوو فەوجی جاش، یازده دەبابه، ئەم شەڕه زیاتر له سێ کاتژمێری خایاند زیانی دوژمن زیاتر له ٣٠ جاش و سەرباز، وەتێکشکاندنی یەک دەبابه و دوو ئۆتومبێل وه ئەم

داستانە بەخوێنی شەش پێشمەرگەی قارەمان تۆمارکرا کە ئەوانیش شەهیدان: (ئەحمەد عەزیز) ئەحمەدە سوور، مەجید سوور، دکتۆر هەمزە عەباس، جەمال ئەنوەر، عبدالرزاق، بەختیار) وەبریندار بوونی هەردوو پێشمەرگە عەلی کەوری، سەیفەدین دەروێش ئەحمەد، فاتح مولود، شەهید بۆتان قورتانی، حاجی سەباح گعێلی).

فەوجی (٥)ی ئەسعەد جهانگیر ئاغای هەرکی، فەوجی (٢٥)ی سەرۆکجاش سەعید یوسف ئەسعەد زراری و فەوجێکی جاشە سووکەکانی سوورچییەکان، لە ڕێکەوتی (١٩٨٥/٤/٢١) لەگەڵ هێزێکی گەورەی ڕژێم کە لە هەولێر و کەرکوک بە پشتیوانی چەندین کۆپتەری شەڕکەر هاتبوون، لە گوندی کەپەنک ڕەشی سەر بە شارۆچکەی دیبەگە چوونە سەر هێزێکی تیپەکانی (٨٥)ی بەڕانەتی و تیپی (٨٧)ی قەرەچوغ و شەڕ لە کاتژمێری دەی پێش نیوەڕۆ تاوەکو کاتژمێر دووی دوای نیوەڕۆ بەردەوام بوو. لەو شەڕەدا شەش پێشمەرگە شەهید بوون بە ناوەکانی (مەجید ڕەحمان حەمەدئەمین ئۆمەر نۆغەرانی ناسراو بە (مەجیدە سوور) جێگری فەرماندەی تیپی (٨٥)ی بەڕانەتی، ئەحمەد عەزیز عەبدوڵڵا حەمەد ناسراو بە ئەحمەدە سوور (گردی ڕەوە/ قەراج) بەرپرسی ناوچەی شۆڕشگێڕان، دکتۆر هەمزە عەباس عوسمان خدر سیان (گابەڵەکە/ دیبەگە)، جەمال ئەنوەر حەسەن لاوە مێرخوزاری، حاجی ئەنوەر و یەحیا محەمەد عەبدوڵڵا قادر ناسراو بە بەختیار). هەر لەو شەڕەدا سێ پێشمەرگەش بە برینداری بەدیل گیران بە ناوەکانی: (عەبدولرەزاق ساڵح محەمەدئەمین محەمەد دۆنە عەوێنەیی، یاسین سدیق حوسێن خدر ناسراو بە یاسین قەراجی، کە ئەو دوانە لە ڕێکەوتی (١٩٨٥/١١/٢٧)دا لە بەغدا لە سێدارە دران، لەگەڵ سەیفەدین ئەحمەد ئیسماعیل دیبەگەیی، کە لە دادگای شۆڕشی بەعس لەلایەن عەواد حەمەد بەندەر (١٥) ساڵ سزای زیندانی بۆ برایەوە، پاشان لە ڕێکەوتی (١٩٨٨/٩/١٤)دا بەر لێبووردنی گشتی کەوت و ئازادکرا). هەروەها سێ پێشمەرگەی تریش بە ناوەکانی (فاتیح مەولود حەسەن (فاتیح مەلاقەرە)، بۆتان محەمەد سەعید قوڕیتانی و حاجی سەباح پیرداود بندیان خدرجیجەیی) بریندار بوون؛ (دەرسیم دیبەگەیی، ئینسکلۆپیدیای تۆمەتبارانی ئەنفال).

ل٢٧٧/ داستانی کانی ماسی و بێتوفە. لەناوچەی بادینان وە لەسنورو ناوچەکانی بادینان کە بەخەیاڵی ڕژێمی بەعسی داگیرکەر ئەم سنورانە هێزی پێشمەرگە ناتوانێت بیانگاتێ و چالاکیان تیا ئەنجام بدات بەڵام بۆ سەلماندنی هێزو توانای پێشمەرگەکانی کوردستان و لوت شکاندنی کاربەدەستانی ئەو ڕژێمە بە بەرنامەیەکی پڕ لە هیمەتی پێشمەرگایەتی لەو چەند دەستەو هێزە پێشمەرگانەو بە هاوبەشی و هاوکاری کردنی یەکتری لە کۆمیتەکانی زاخۆ و بەرواری باڵا و لقی پارتی لە ڕۆژی (١٩٨٧/٩/١٣) توانیان لە پەلامارێکدا دەست بگرن بەسەر تەواوی بارەگای فەوجی (کانی ماسی) دا بەهەموو چەک و تەقەمەنی و (١٤٣) دیل لە چەکدارەکانی سەر بە ڕژێم (ئەفواجی خەفیفە) لە ناویاندا سێ موستەشار کە دوانیان بە دیل گیراو یەکیان کوژرا.

داستانی کانی ماسی و بێتوفە بە هێرشێکی لە ناکاوی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە کاتژمێری (١١:١٥)ی شەوی (١٤/١٣-٩-١٩٨٧) بۆ سەر مۆڵگای چەندان فەوجی جاش دەستی پێکرد، لە کاتژمێری یەکەم و دووەمی بەرەبەیانی ڕۆژی (١٩٨٧/٩/١٤)دا دەست بەسەر بارەگای (٤) فەوجی جاشان (بایز بەراشی، حکمەت نەجمان شەفیق دۆسکی، سادق عومەر و محەمەد نەزیف بەرواری) داگیراو دوو سەرۆکجاش بەناوەکانی (بایز جاسم محەمەد حوسێن بەراشی بەرواری ناسراو بە بایز بەراشی و سادق عومەر ساڵح عەدۆ دەرکاری سندی کەوتنە دەست هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) و سەرۆکجاش محەمەد نەزیف عەلی بازی بەرواری لە ڕاڤینا لەلایەن هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان هاتە کوشتن و حکمەت نەجمان ڕایکرد. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، دوای ماوەیەک هەردوو سەرۆکجاش و دیلەکانی ئازاد کرد، ئێستاکە بایز بەراشی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستانە و سادق عومەر سندیش بەهۆی لایەنگیری لە (پ. ک. ک)دا لە ساڵی (١٩٩٢)دا لەلایەن پارتی کوژرا؛ (دەرسیم دیبەگەیی، ئینسکلۆپیدیای تۆمەتبارانی ئەنفال). بەگوێرەی ژمارە (١٦٣)ی (أخبار کوردستان)ی مانگی ئەیلولی ساڵی (١٩٨٧)ی پارتی دیموکراتی کوردستان، ژمارەی دیلەکانی لای پارتی (٥٣٠) و لای یەکێتیی (٧٠) سەرباز و جاش بووینە.

ل٢٧٨/ عوسمان کانی پانکەیی، سەبارەت بە داستانی گرتنی سەری ڕەش نووسیویێتی: (دوای نیوەڕۆی ١٩٨٨/١/٢٦ بەڕێکەوتن بۆ زیارەت و لەکات ژمێر ٢ کۆبوونەوەیەک کرا بە فەرماندەییەکان بەسەرپەرشتی بەڕێز کاک کۆسرەت، قۆڵەکان دابەشکرا دوای ئەوەی زانیاری تەواو وەرگیرا بۆ ئامادەیی باش سازکرا، بەمەبەستی ئەنجامدانی چالاکیەکە بەرەو شوێنەکە ڕۆیشتن، لە ١١ی شەوی ٢٩/٢٨ نزیک شوێنەکە گەیشتین و لەکات ژمێر ١ی شەو کاتژمێری سفر بوو لەهەموو شوێنەکان دراو لەماوەی چارەگێک بۆ نیو کاتژمێری هەموو شوێنەکانی سەری ڕەش دەست بەسەری دا گیرا بەگرتنی کۆشکەکەی صدامەوە. زیانی پێشمەرگە ١٤ پێشمەرگە شەهیدبوون کە پێنجیان بەهۆی سەرماو پەرپنەوەیان لە ئاو شەهید بوون، شەهید حکمەت و شەهید محی الدین کۆیی و مامە قالەو شەهید جەمالە ڕەش و شەهید ئارام).

نووسەر مێژووی ئەم داستانەی بە هەڵە نووسیوە، کە ڕاستییەکەی شەوی (٢٨/٢٧-١-١٩٨٨) هێرش کراوەتە سەر هێزەکانی ڕژێمی سەدام لە سەری ڕەش و ئەو داستانە تۆمار کراوە. هەروەها لەو داستانەدا (٦) پێشمەرگە بە گوللە و (٥)ی دیکەش لەناو بەفر و لە سەرما شەهید بوون، کە تێکڕا دەکاتە (١١) شەهید و بریتین لە: (جەمال حەمەد پیرداود ڕەسوڵ ناسراو بە جەمالە ڕەش پێشمەرگەی تیپی ٩١ی سەفین، ڕەمزی جەبار عەلی حوسێن یەدی قزلەری پێشمەرگەی کەرتی ٣ی تیپی ٨٧ی قەرەچوغ، سۆران ئیسماعیل شەوگێڕی پێشمەرگەی کەرتی ١ی تیپی ٩٣ی کۆیە، عەدنان حەمەد ناسراو بە ئارام، عەزیز مەولود ڕەسوڵ مەولود ناسراو بە بێکەس پێشمەرگەی کەرتی ٣ی تیپی ٨٥ی بەڕانەتی، عوسمان مامەند عومەر، فەخرەدین ساڵح ئەحمەد حەمەد کۆیی فەرماندەی کەرتی ٣ی تیپی ٩٣ی کۆیە، کەمال عەزیز ئەحمەد عەوێز ناسراو بە کەمالە سوور، نوعمان زرار حەمشین مەحمود حاجی قەڵایی فەرماندەی مەفرەزە لە تیپی ٩٣ی کۆیە، هاشم ڕەشید نادر حەمەدئەمین و هێرش سوار ئەحمەد عەبدوڵڵا شەوگێڕی).

ل٢٨٢/ لە ساڵی ١٩٨٦ ڕزگارکردنی شارۆچکەی هیران جەلیل أمین صادق (ڕەنجدەر) بریندار ئەبێت بەڵام هەر بە برینداری بەشداری چالاکی شەڕی گرتنی ڕەبیەکانی گوندی گردکانی ڕۆژئاوای کۆیە ئەکات بەو برینداریيەوە لە شەڕێکی دەستە و یەخەدا لە ڕۆژی ١٩٨٦/٧/١٠ شەهید ئەبێ لەگەڵ یاسین موعەلیم و شاکر سوور شەهید دەبن.

ئەو شەڕە لە گوندی سێگردکان بووە و هێزێکی سەربازی و جاشەکانی قاسم فارس تاهیر مستەفا ئاغای غەفوری ناسراو بە قاسمە کۆری کۆیە، سەرۆکجشی فەوجی (٨٥)ی جاشە سووکەکان، دەچنە سەریان نەک ئەو هێزەی پێشمەرگە بۆ گرتنی ڕەبایەی جاش یان سەربازی لەوێ بووبن. لەو شەڕەدا لە ڕێکەوتی (١٩٨٦/٧/١٠)دا، جاشەکانی قاسم ئاغا سێ پێشمەرگە شەهید دەکەن بە ناوەکانی: (جەلیل ئەمین سادق سلێمان تەلەلخێمی ناسراو بە ڕەنجدەر، جێگری فەرماندەی تیپی (٨٧)ی قەرەچوغ، شاکر عومەر عەلی محەمەدئەمین ناسراو بە شاکر سۆربەشی و یاسین ئیبراهیم عومەر ئیبراهیم تەلەلخێمی ناسراو بە یاسین موعەلیم)، کە بەدیلی قاسم ئاغا بەدەستی خۆی کوشتی چونکە هەم جوێنی بە قاسم ئاغا دابووەوە هەم تفی لێکردبوو. یاسین موعەلیم، دوو برای تریشی شەهیدن بە ناوەکانی مەغدید ئیبراهیم عومەر تەلەلخێمی ناسراو بە مەغدیدە قەڵەو و سەمەد ئیبراهیم عومەر ئیبراهیم تەلەلخێمی کە لە ڕێکەوتی (١٩٨٥/٨/٦)دا لە نزیک گوندی مەلاقەرەی سەر بە دیبەگە کەوتنە ناو بۆسەیەک و مەغدید شەهید و سەمەد-یش بە برینداری بەدیل گیراو دواتر لە ڕێکەوتی ١٩٨٦/١٠/١٢دا لە زیندانی ئەبوغرێب لە سێدارە درا. هەر لەو شەڕەی سێگردکان، سێ پێشمەرگەش بە ناوەکانی حامد هەینی سەعید خەیلانی، دینۆ زرار ئیبراهیم خاڵند سیان و ئیبراهیم جەمیل مستەفا مەحمود تەلەلخێمی (شوان) بەدیل گیران کە دواتر لە دادگای شۆڕشی بەعس لە ڕێکەوتی (١٩٨٧/٧/١٤)دا حامد و دینۆ بە سزای هەتا هەتایە زیندانی کران و (ئیبراهیم تەلەلخێم)یش سزای لە سێدارە دانی بۆ بڕدرایەوەو دواتر لە ڕۆژی (١٩٨٧/١١/٥)دا لە سێدارە درا؛ (دەرسیم دیبەگەیی، ئینسکلۆپیدیای تۆمەتبارانی ئەنفال).

ل٢٩٥/ بنەماڵەی شەهید ڕۆستەم عەلی سوور شەمامکی هەولێر، کە خۆی شەشەمین شەهیدی بنەماڵەکەیەتی و خاوەنی چوار برای شەهید لەکاتی ئەنفالەکاندا جاشەکان زۆر بەنامەردی شەهیدیان کرد.

ئەو بنەماڵەیە بە بنەماڵەی شەهید عەلی سوور قۆڕیتانی ناسراون و بەناوبانگن. شەهید عەلی سوور قۆڕیتانی (عەلی عەبدوڵڵا مەحمود پیرداود)، لە ڕێکەوتی (١٩٨٢/٦/٢٦)دا لە گوندی میرکە شەهید بووە.
شەهید عەباس عەلی عەبدوڵڵا مەحمود پیرداود قۆڕیتانی (عەباس عەلی سوور)، لە ڕۆژی (١٩٨٤/٧/٢٢)دا لە زیندانی ئەبوغرێب لە سێدارە دراوە.
شەهید ڕۆستەم عەلی عەبدوڵڵا مەحمود قۆڕیتانی (ڕۆستەم عەلی سوور)، پێشمەرگەی تیپی (٨٦)ی دەشتی هەولێری سەر بە یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، لە ڕێکەوتی (١٩٨٨/٧/١١)دا لە گوندی کانی بزرە سەلاح شینە و جاشەکانی بەدیل دەگیرێت، کە سەرەتا بە قوڵبەستراوی دەیخەنە ناو گونیەیەک و دواتریش شەهیدی دەکەن.
شەهید عوسمان عەلی عەبدوڵڵا مەحمود قۆڕیتانی (عوسمان عەلی سوور)، دوا شەهیدی ناو ماڵی خۆیان بوو، کە لە شەڕێکدا لە ساڵی (١٩٨٩)دا لە گوندی سیاوی شەمامک شەهید بوو. بەڵام بەداخەوە ناوی دوو کوڕە شەهیدەکەی دیکەی شەهید عەلی سوور نازانم و هیچ زانیارییەکم لەسەر شەهیدکردنیان نییە.

ل٢٩٦/ بنەماڵەی خەلیفە عبداللە ی سیانی کەندیناوا (دوبز) خاوەنی ٢ کوڕی شەهیدی پێشمەرگەی سەنگەرن بەناوەکانی: ناصر و ستار).
لێرەدا نووسەر هەڵەیەکی جوگرافی کردووە، چونکە نە کەندێناوە دوبزە و نە دوبز کەندێناوەیە. کەندێناوە، شارۆچکەی دیبەگە و هەر (٧٢) گوندەکەی دەگرێتەوە و سەر بە پارێزگای هەولێر بووە کە لە ساڵی (١٩٩٦)دا وەکو بەشێک لە قەزای مەخمور لەگەڵ ئەو قەزایەو تەواوی شارۆچکەو گوندەکانی خرایە سەر پارێزگای موسڵ، بەڵام دوبز هەمیشە قەزایەکی سەر بە پارێزگای کەرکوک بووە.

ل٢٩٧/ بنەماڵەی شەهید مامۆستا ملا محمد نێرە گینی کە خۆیان لە لایەن جاشەکانەوە لە هەولێر شەهید کرد لە ساڵی ١٩٨٨ دا ملا محمد کوڕی بابیل ئاغا وە ئەم شەهیدانەی کەیشی هەیە لە کوڕەکانی ١- قاسم (شەهید قاسم کرێکار) لە ساڵی ١٩٨٥ لە گوندی سماقە شەهید بوو ٢- سلێمان لە ڕێگای نێوان کۆیە و دێگەڵە لە بەردەم هێرشی ڕژێمدا شەهید بوو ٣- شەهید عبداللە ٤- شەهید دارا ٥- شەهید دەروێش ئەمانە لە ساڵی ١٩٨٨ دا بەر هێرشی شومی ئەنفال کەوتن.
مەلا محەمەد حەسەن بابیل نێرەگینی لە شەوی (٢٣/٢٤-١٠-١٩٨٧) لەناو هەولێر لەلایەن چەند خۆفرۆشێک شەهید دەکرێت. شەهید سلێمان محەمەد حەسەن بابیل نێرەگینی، لە ڕێکەوتی (١٩٨٥/٤/٤)دا لە گرتنی چوار ڕەبیەی سەر ڕێگای کۆیە - هەولێر شەهید دەبێت، قاسم محەمەد حەسەن بابیل نێرەگینی ناسراو بە هاوڕێ قاسم کرێکار، کادیری کۆمەڵە و پێشمەرگەی تیپی (٨٦)ی دەشتی هەولێریش، لە ڕێکەوتی (١٩٨٥/٥/١٣)دا لە گوندی سماقە شەهید بووە. سەبارەت بە دارا محەمەد حەسەن بابیل نێرەگینی، دەروێش محەمەد حەسەن بابیل نێرەگینی و عەبدوڵڵا محەمەد حەسەن بابیل نێرەگینی، ئەو سێ برایە لەکاتی ئەنفالەکاندا لەلایەن عەزیز حەمەد مەولود ناسراو بە مەلا عوزێر سەرۆکجاشی فەوجی ژمارە (١٣٠)ی جاشە سووکەکان ڕادەستی ئەمنی هەولێر کراون، دواتریش ئەنفال کراون.

ل٢٩٨/ ٦٦. خاتوو ئایشەو مام عەباسی کۆیە خاوەنی شەهیدانی کوڕەکانیان: ١. جەعفەر لە داستانی قورەبەرازە بە بریندارى ئەگیرێت و لە کۆیە گوللەباران دەکرێت، ٢. هەڵمەت لە ساڵی ١٩٨٧، ٣. هێرش لە ساڵی ١٩٨٨.
باوکی ئەو (٣) شەهیدە ناوی سەعیدە و باپیری ناوی عەباسە. ناو، مێژوو و شوێنی شەهیدەکان بەمشێوەیە:
١. جەعفەر سەعید عەباس (١٩٥٦/ کۆیە)، لە ڕۆژی (١٩٧٨/٨/١١)دا لەقۆرەبەرازە شەهید بووە.
٢. هەڵمەت سەعید عەباس، لە ڕۆژی (١٩٨٧/٤/١٥)دا لە گۆمەتاڵ شەهید بووە.
٣. هێرش سەعید عەباس، لە ڕۆژی (١٩٨٨/١١/١٥)دا لە کۆیە گیراوەو ئەنفال کراوە.

بنەماڵەی مام ڕەسوڵ قادر حوسێن سارمەمی، کە بنەماڵەیەکی شۆڕشگێڕ و کوردپەروەری شاری هەولێرن، سێ کوڕی ئەو بنەماڵەیەش خۆیان کردە قوربانی کورد و کوردستان، کەچی ناویان نەهاتووە! ئەو سێ شەهیدەش بریتین لە:

١. شەهید کەریم ڕەسوڵ قادر حوسێن سارمەمی ناسراو بە سەرفراز (١٩٤٦/ هەولێر)، لە ڕۆژی (١٩٨١/٣/٢٣)دا لەلایەن ئەمنی هەولێر دەستگیرکرا، دواتر لە ڕێکەوتی (١٩٨١/٧/١٥)دا لە بەشی سێدارەی زیندانی ئەبوغرێب لە سێدارە دراوە.

٢. عومەر ڕەسوڵ قادر حوسێن سارمەمی، ڕابەر سیاسی تیپی (٨٣)ی هەورێ لە ڕێکەوتی (١٩٨٨/٢/٢٦)دا لە چیای مۆتە شەهید بووە.

٣. سابیر ڕەسوڵ قادر حوسێن سارمەمی (١٩٤٧/ هەولێر)، فەرماندەی تیپی (٨٦)ی دەشتی هەولێر، تیپی (٢١)ی کەرکوک و دواتر بەرپرسی سەربازی مەڵبەندی (٣)ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کە چەندین جار بریندار بووە، تا بەهۆی ئەو پارچە ساچمەیەی کە لە سەریدا جێمابوو و بۆ ماوەی سێ ساڵ بێهۆشی کردبوو، لە ڕێکەوتی (١٩٩٦/٨/٨)دا لە نەخۆشخانەیەکی وڵاتی سوید شەهید بوو. تەرمی ئەو سێ برا شەهیدە لە گوندی پونگینەی سەر بە شارۆچکەی عەنکاوەی هەولێر لە تەنیشت یەکتر نێژراون.

٦٧. بنەماڵەی پۆڵس سلێوە مەسیح عەنکاوەیی هەولێر: لە کاتێکدا لە ڕۆژی ١٩٨٨/٨/١٤ عبدالمسیحی کوڕی کە پێشمەرگە بوو بە ناوی سۆران لە لایەن خۆفرۆشێکەوە (مامۆستا صالح) بە پیلانێکی دەستی ڕژێم (دەزگای ئەمنی هەولێر) شەهید دەکرێت، وە هەر لەو کاتەدا ڕژێمی بەعس دەزگای ئەمنی هەولێر هەموو ئەندامانی خێزانەکەی ئەم شەهیدە دەستگیر دەکەن وە لە ڕۆژی ١٩٨٨/٨/٢٨ هەموویان لە سێدارە ئەدەن کە بریتی بوون لە: ١. پۆڵس سلێوە باوکی شەهید، ٢. نێرگز یۆنان دایکی شەهید، ٣. سێبەر سلێوە خێزانی، ٤. ژاڵە عبدالمسیح کچی کە ئەو کاتە تەمەنی ٤٠ ڕۆژ بووە، ٥- حمامە پۆڵس خوشکی شەهید خوێندکاری شەشەی ئامادەیی، ٦- سەبیحە پۆڵس خوشکی شەهید خوێندکاری پێنجی ئامادەیی، ٧- نەدا پۆڵس خوشکی شەهید خوێندکاری چواری ئامادەیی، ٨- شەزا پۆڵس خوشکی شەهید خوێندکاری سێی ناوەندی.

بەگوێرەی بەڵگەنامەیەکی بەڕێوەبەرێتی ئەمنی سلێمانی، کە لە خوارەوە دانراوە، بەشێک لە زانیارییەکان بەمشێوەیەن: پۆڵس سلێوە یوسف بلَندەر (هەولێر – ١٩٢٧ باوکی شەهید سۆران مەسیحی)، لە ڕۆژی (١٩٨٨/٩/١٧)دا لەگەڵ هاوسەرەکەی (نێرگز تۆخان ئەلیاس – ١٩٢٩)، چوار کچی (حەمامە ١٩٦٠، سەبیحە ١٩٦٣، نادیە ١٩٦٦، شەزا ١٩٧٢)، هاوسەری شەهید سۆران (سێبەر سلێوە برایمۆک ١٩٦١) و کوڕە تاقانەکەی شەهید سۆران (ژاڵە)، کە تەمەنی (٤٠) ڕۆژ بوو، گیراون و لە ڕۆژی (١٩٨٨/١٠/٢٧)دا لەلایەن ئەمنی هەولێر گولله باران کراون.

هۆکاری شەهید کردنی بنەماڵەی شەهید سۆران، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە سۆران پێشمەرگەی (ی. ن. ک) بووە و لە ڕۆژی (١٩٨٨/٨/١٤)دا بەدەستی هاوڕێیەکی پێشمەرگایەتی و کادیرێکی (ی. ن. ک) بەناوی ساڵح محەمەد قادر سولاوکی (مامۆستا ساڵح سولاوکی) لە پیرزین شەهید دەکرێت؛ (دەرسیم دیبەگەیی، ئازارە شاردراوەکان یاداشتی زیندان).

ل٣٠١-٣٠٢/ <u>هەڵاتنی دەستەیەک زیندانی لە هەیئەی کەرکوک لە شەوێکی مانگی ١٩٧٩/٩ بە سەرپەرشتی (مەلا حوسێن) ناوێک کە لە بنەڕەتدا ناوی (مارف کەریم حەمە شەریف)ەو خەڵکی دێی وەنگەرێنەی شارباژێرەو برای شەهیدی فەرماندە شەهید فەرەجە، لەگەڵ ئەم زیندانیانە: (مامۆستا سەلام عەبدوڵلا، ئاسۆ جەلال شێخ ڕەئوف، عەزیز بادینی، عومەر حاجی مامەندی کە بە گشتی (١٢) زیندانی بوون</u>، کە لەم کاتەدا (١٨) کەس فەرمانی لە سێدارەدانیان بوو لەوانە شەهیدی فەرماندە جەماله ڕەش، بەڵام لەناو زیندانیەکاندا کە بریتی بوون لە (ڕەشید کەرکوکی)، سێ کەسی خانەقینی، (غازی هەرکی)، خدر قەڵادزێی، حەمە تەها دهۆکی، دەروێش مەولود قەڵادزێی منالێکی (١٣) ساڵانی شەقلاوەیی بەناوی (مەهدی) لەمانە (١٢)یان توانیان دەربچن لە شەوی (١٩٧٧/٩/٢٦)و بەسەر دیوارێکی زیاتر لە ٣

مەتر بەرز دوایی تەلبەندی دڕکاوی سەربکەون و چوار کلاشینکۆف ببەن و لە دەمەو بەیانیدا، بچنە مزگەوتێکی کەرکوک لەکاتی نوێژی بەیانیدا هەندێ نەعل و پێڵاو پەیدابکەن، دوایی مەلا حوسێن بەهۆی پەنابردن بۆ ماڵی مام سدیق تەینالی ڕزگارکران لە کەرکوکەوە بۆ سلێمانی بەهۆی چەند ڕێکخستنێکی زۆر بەتواناوە کە ئەوانیش (سەید عەبدوڵا، کاکە حەمە کوردستانی، کاک شێخ ئەنوەر دۆڵپەمویی، کەریم خواڕەحم)، برایمی شۆفێر لەناو سندوقی سەوزەدا لەڕێی ئەڵلاییەوە بۆ سلێمانی و دوایی بۆ ماڵی کەریم خواڕەحمی خزمیان. دەرباز بوونی دووەم کە مەلا حوسێن وەنگەرێنەیی لەلایەن ملازم موحسین گیراوە بۆ حامیەکەی سلێمانی بەهەمان شێوە لە مانگی ١٩٧٩/١٢ توانی لەگەڵ چەند زیندانییەک بەناوی: کامەران حەمە ساڵح پێنجوێنی، حەسەن، مام هێرش بەچەند ڕۆژێک پەنجەرەیەکی بەرزی ژووری زیندانیەکە بە چەقۆی نینۆک بڕەکەی (نوری مەلا مستەفا) دەربکەن و بە چوونە سەر پشتی یەکتری هەتا دەرچوون و دوایی هاوکاری یەکتری بۆ دەربازبوون بەسەر دیواری حامیەکەداو ڕاکردن بەرەو مزگەوتی کانی ئاسکان لەکاتی نوێژی بەیانیداو پەیداکردنی پێڵاوو نەعل، ئاگاداری چەند ماڵێکی خۆیان، ئینجا گەیشتنیان بەدێی وێڵەدەری شارباژێڕو بەردەستی هێزی پێشمەرگە لە نان خواردنی بەیانیدا، بە سەموونی ناو شاری سلێمانیەوە.

سەبارەت بە ڕاکردنی دوو پۆل زیندانی سیاسیی لە هەیئەی کەرکوک تێکەڵییەکی زۆر دەبینم، سەرەتا نووسەر باسی ئەوەی کردووە کە مەلا حوسێن وەنگەرێنەیی (مارف کەریم حەمە شەریف) لە مانگی (٩)ی ساڵی (١٩٧٩)دا لە زیندان هەڵاتووە، کەچی (١٥) دێر خوارتر باسی ئەوەی کردووە کە دوای دەستگیرکردنی لەلایەن ملازم موحسین و بردنی بۆ حامیەی سلێمانی توانوێتی لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا لە مانگی (١٢)ی ساڵی (١٩٧٩)دا لە زیندانی حامیەی سلێمانییەوە ڕابکەن و بۆ نانخواردنی بەیانی بگەنە ناو هێزی پێشمەرگەی کوردستان! هەروەها نووسەر باسی ئەوەش دەکات کە مەلا حوسێن وەنگەرێنەیی لەگەڵ سەلام عەبدوڵلا و چەند هاوڕێیەک کە ژمارەیان (١٢) کەس بووە لە زیندانی هەیئە خاسەی کەرکوک بەیەکەوە هەڵاتوون! سەلام عەبدوڵلاو هاوڕێکانی بەدڵنیایی لە مانگی (٩)ی ساڵی (١٩٧٧)دا لە زیندانی هەیئە خاسەی کەرکوک ڕایانکردووە نەک ساڵی (١٩٧٩)، بۆیە تێکەڵییەکی زۆر لەو دوو چالاکییەدا دەبینم! بەگوێرەی ئەو نووسینەی عوسمان کانی پانکەیی بێت، مەلا حوسێن وەنگەرێنەیی (٣) جار لە زیندان ڕایکردووە. جاری یەکەم لەگەڵ سەلام عەبدوڵلاو هاوڕێکانی لە مانگی (٩)ی ساڵی (١٩٧٧) لە هەیئە خاسەی کەرکوک، جاری دووەم لە مانگی (٩)ی ساڵی (١٩٧٩) دیسان لە هەیئە خاسەی کەرکوک و جاری سێیەمیش لە مانگی (١٢)ی ساڵی (١٩٧٩) لە زیندانی حامیەی سلێمانی!

ل٣٨٦/ پێشمەرگەو فەرماندەی عەریف ئەکرەم ف. ک لە تیپی ٨٧ی قەرەچوغ کاتێک دایک و باوکی و ئەندامانی خێزانەکەی و خزمانیان ئاگاداریان کرد کە ئەوە ژنیان بۆ ئامادە کردووەو بچێت بەرەو پیری ئەمیش لە ڕۆژی ١٩٨٨/٢/٢٨ بەرەو گوندی گردەملا نزیک قوشتەپە بەڕێ کەوت کاتێک گەیشتە کەسوکار و دەستگیرانەکەی زۆر بە داخەوە هەموویان کەوتنە کەمینی جاشەکانی مەلا عوزێر و قاسم ڕەشید و زۆر نامەردانە دەستڕێژیان لێ ئەکەن عەریف کەریم شەهید ئەبێ و هەر لەم کاتەدا دووژن کەیەکیان دایکی فەرماندە حەسەن عەوێنە ئەبێ و چەند کەسی تریشیان بریندار ئەبێ.

بەگوێرەی زانیارییەکانی لای من کە لە چەندان پێشمەرگەی تیپەکانی (٨٧)ی قەرەچوغ و (٨٦)ی دەشتی هەولێرم وەرگرتووە، قاسم ڕەشیدی فەرماندەی مەفرەزە خاسە لەگەڵ نەبووە، بەڵکو جاشەکانی عەزیز حەمەد مەولود شێخانی (مەلا عوزێر)، سەرۆکجاشی فەوجی (١٣٠)، بەشیر محەمەد عەبدوڵلا بارزانی، سەرۆکجاشی یەکێک لە فەوجە سووکەکان، دیدەوان جەلال حەمەد زراری ناسراو بە دیدەوان جەلال پیربال، فەرماندەی مەفرەزەی (١٨٦)ی سەر بە دائیرەی ئەمنی هەولێر، عەبدولخالیق سەلیم پونگینەیی (قەراج)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ئەمنی هەولێر، عەلی محەمەد عومەر ناسراو بە عەلی ئاوماڵی، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی سەر بە ئەمنی هەولێر، عومەر محەمەدئەمین سۆفی شێخانی (عومەر سۆفی)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی (٤٧)ی سەر بە دائیرەی ئەمنی هەولێر و مامەند ساڵح مەولود لەک قەشقەیی ناسراو بە (مامەند قەشقە)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (١١٣)ی سەر بە ئەمنی

هەولێر، لە بۆسەیەکدا لە ڕۆژی (١٩٨٨/٢/٢٨)دا لە نزیک گوندی کەردزی سەر بە شارۆچکەی قوشتەپە، توانیان ئەکرەم ئیسماعیل محەمەد قادر شوانی خەڵکی گوندی حاجی شێخانی دیبەگە ناسراو بە (عەریف ئەکرەم)، فەرماندەی کەرتی چواری کەندێناوەی تیپی (٨٧)ی قەرەچوغی (ی. ن. ک)، ساڵح عومەر محەمەدئەمین عەلی شوانی (ئامۆزازای شەهید عەریف ئەکرەم)، پێشمەرگەی کەرتی چواری هەمان تیپ، حاتەم سەعید عەلی ئەحمەد عەوێنەیی (ئومێد)، لەگەڵ شەهید بوونی دوو ژن کە کەسوکاری پێشمەرگە بوون یەکێکیان دایکی شەهید حاتەم سەعید عەلی عەوێنەیی بەناوی (خاسیە ساڵح ئەمین عەوێنەیی) ئەوی تریان کافیە عەبدوڵڵا مەنیج مەخموری (پوری پێشمەرگەی دێرین و قارەمان عەلی مەخموری) و بریندارنوونی هەریەک لە سەباح حەسەن، خەدیجە سلێمان و کافیە حوسێن عەبدوڵڵا وەلی کە خوشکی شەهیدی فەرماندە فاقە مەخموری (١٩٩٥/٣/٢٨) و هاوسەری شەهید لاوە مەخموری بوو. ل٤٤٣-٤٤٤.

ل٤١٦/ لە ساڵی ١٩٨٦ کۆمەڵێک گیران لە هەولێرو لە ١٩٨٨ بەربوون بە لێبووردن، کە ئەمانە بوون:
١- محسن ابراهیم
٢- نوری محامی
٣- خەسرەو عوسمان
٤- قاسم أبوزید
٥- سعدی عەلی
٦- حەمە شێخە شەلی
٧- مامۆستا محمد مەنگوڕی
بەڕاستی بەلامەوە سەیرە کە نووسەر باسی دەستگیرکردنی ئەو چەند کەسەی سەرەوەی کردووە لە ساڵی (١٩٨٦)دا، کەچی باسی بەگرتدان و دەستگیرکردنی هاوڕێیانی ڕێکخراوی هەولێری کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان نەکردووە، کە لە مانگی شوباتی هەمان ساڵدا (١٣) هاوڕێ: (بەرپرسی ڕێکخراو، چوار ئەندامڕێکخراو و (٨) هاوڕێی دیکە) پێکەوە گیراون! لە هاوڕێیانی ڕێکخراو، بەرپرسی ڕێکخراو محەمەد قادر نادر شەریف لە ڕۆژی (١٩٨٧/١٢/٢٩)دا لە زیندانی ئەبوغرێب لە سێدارە درا و سلێمان محەمەد حەمەدئەمینی ئەندامڕێکخراو لەژێر ئەشکەنجە شەهیدکرا بەبێ ئەوەی یەک وشە نهێنی بدرکێنێ یان تەنانەت قسە لەسەر خۆیشی بکات.
گیرانی هاوڕێیانی ڕێکخراوی هەولێر بەمشێوەیە بوو: (محەمەد قادر نادر شەریفی بەرپرسی ڕێکخراوی کۆمەڵە لە ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (١٩٨٦/٢/١٨)، هەر یەک لە (بایز مەلود تەها نانەکەلی (١٩٨٦/٢/٢٨) کە دوای ڕاپەڕین لە ڕێکەوتی (١٩٩٢/٨/١٩)دا بە نارەواو بێتاوان شەهید کرا، خدر عەبدولڕەحمان محەمەد (١٩٨٦/٢/٢٣)، سلێمان محەمەد حەمەدئەمین قۆڕیتانی (١٩٨٦/٢/٢) کە لە ڕێکەوتی (١٩٨٦/٣/٢)دا لەژێر ئەشکەنجە شەهید کرا، موحسین ئیبراهیم حەسەن وەسمان (١٩٨٦/٢/٢٣)، هەر چواریان ئەندامڕێکخراو بوون)، ئازاد سەعید مەولود هۆرمزیار (١٩٨٦/٢/٢٤)، جەمیل مەجید سادق حوسێن (جەمیل مەلاقەرە ١٩٨٦/٢/٢٤)، سامی مەحمود محەمەد شوانی (١٩٨٦/٢/٢٣) ئەندام کەرت، سەردار محەمەد ڕەجەب حەمە (١٩٨٦/٢/٢٤)، عەبدولسەمەد خدر عەبدوڵڵا فەقێ خۆشناو ناسراو بە (دادوەر سەمەد بێتواتەیی ١٩٨٦/٢/٢٧)، عیماد شاکر ڕەشید عەبدوڵڵا (١٩٨٦/٢/٢٤)، غەفور دەروێش پیرداود یونس زراری (١٩٨٦/٢/٢٨) و نەسرەدین مامە کەریم پیرداود لە (١٩٨٦/٢/٢٤) گیرا بوون؛ دەرسیم دیبەگەیی، ئازارە شاردراوەکان یاداشتی زیندانم).

ل٥٤٣-٥٤٤/ عوسمان کانی پانکەیی لە بابەتی (داستانی بەرگری کۆڕێ ١٩٩١/٤/٩)دا نووسیویێتی: (لە هێزی پ.م یش ٩ شەهید کە هەموویان سەر بە (ی. ن. ک) بوون و ئەوانیش بریتی بوون لەم شەهیدانە: فاروق گراوی، فاخیر، موحسین، فەرهاد، یونس، کارزان، فەرەج، مام ڕەشید وە سێ لەم شەهیدانە سەر بە هێزەکەی شەهید حەسەن کوێستانی بوون).

سەرەتا مێژووی داستانی کۆڕێ ڕۆژی (١٩٩١/٤/٩) نییە، بەڵکو ئەو داستانە دوو شەڕی یەک لەدوای یەکی ڕۆژەکانی (١٩٩١/٤/٧) و (١٩٩١/٤/١١)ە. دواتر نووسەر لە ناوی (٩) شەهید تەنیا ناوی یەکەمی (٨) شەهیدی نووسیوە، لەو (٨) شەهیدەش کارزان ناوی نهێنی شەهید یونس بووە، واتە ناوی (٧) شەهیدی نووسیوە!

ناوی سەرجەم شەهیدەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە داستانی کۆڕێ بریتین لە: (سەلاح سابیر تۆفیق، عەبدولکەریم عەبدوڵڵا ئەحمەد یونس ئەحمەد، فاخیر عەبدولڕەحمان محەمەد قوربانی (١٩٦٤/ مەخمور – مەحسوناوە)، فاروق حوسێن عوسمان ڕەسوڵ گڕاوی ناسراو بە خاڵە فاروق، فاروق مەولود حەمەد مستەفا (دیبەگە – مەلاکاغا)، فەرهاد ئەحمەد ئەمین عوسمان، فەرەج مەغدید مەولود ساڵح ناسراو بە شەیدا، موحسین عەبدولکەریم ئەمین ئەحمەد مەخموری (١٩٦٧/ مەخمور – مەحسوناوە)، هەمزە بەهرام ئیسماعیل عەلی مەولود دیبەگەیی و یونس ئیبراهیم حەسەن ئیسماعیل ناسراو بە کارزان).

ل٥٤٧/ نووسەر لە بابەتی (ئەو فەرماندە چەکدارانەی کە هەڵوێستی مەردانەیان تۆمارکرد)، نووسیویەتی: (دوای ئەوەی کە ڕژێمی بەعسی صەدام چەکدارێکی زۆری دروست کرد بەناوی فەوجە سوکەکان (خفیفە) بەمەبەستی بەئەنجام گەیاندنی سیاسەتی ڕاگواستنی گەلی کوردو تێکدانی دێهاتەکان بۆ ڕاگەیاندنی ڕوون و ئاشکرای ئەم سیاسەتە نەگریسەی ڕژێمی بەعس بەسەرپەرشتی تاوانبار عەلی کیمیاوی کە ئەو کاتە بەرپرسی یەکەمی مەنزومەی مەنتیقەی بەناو شیمالی بوو، بە ئامادەبوونی نزار عەبدولکەریم خەزرەجی قائد فرقەی دووی ئەو کاتە و لەکۆتایی مانگی چواری ساڵی ١٩٨٧ کۆبونەوەیەکیان سازدا بە هەموو سەرۆک جاشەکانی خەفیفە وە بە تەواوی بەرنامەی تێکدانی دێهاتەکانی کوردستانیان خستە بەردەمیان و ئەرکی پێویستیان هەرچەند هەندێکیان ناڕەزاییان دەربڕی بەڵام زۆربەیان بۆ بەرنامەکە دوای کۆبونەوەکە سەریان شۆڕ کرد و کەوتنە ئەنجامدانی).

عەلی حەسەن ئەلمەجید تکریتی، بەگوێرەی بڕیاری ژمارە (١٦٠)ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی حزبی بەعسی عارەبی ئێراقی لە ڕێکەوتی (١٩٨٧/٣/٢٩)دا کرا بە ڕازگری نهێنی بیرۆی باکووری حزبی بەعس دەسەڵاتی ڕەهای درایێ لەپێناوی جێبەجێکردنی سیاسەتی بەعس لە کوردستان و هەوڵی قڕکردنی نەتەوەی کورد (بەڵگەکە لە کۆتایی ئەم بابەتەدا دانراوە)، بەڵام دوای جێبەجێکردنی شاڵاوی ئەنفالەکان بەپێی بڕیاری ژمارە (٢٧١)ی ڕێکەوتی (١٩٨٩/٤/٢٣)ی ئەنجومەنی ناوبراو دەسەڵاتە ڕەهاکانی کوردستانی لێ سەندرایەوە و بڕیاری ژمارە (160)ی پێشوو هەڵوەشایەوە.

لیوا ڕوکن نزار عەبدولکەریم فەیسەل ئەلئەنساری ئەلخەزرەجی، فەرماندەی فرقەی دوو نەبووە بەڵکو فەرماندەی فەیلەقی یەک بووە لە ماوەی (١٩٨٤/١/١٠–١٩٨٧/٧/١٧). دواتر بە فەرمانێکی تری سەدام دەکرێت بە سەرۆکی ئەرکانی سوپای ئێراق و تا داگیرکردنی کوەیت لەلایەن لەشکرەکەی سەدام لە (١٩٩٠/٨/٢)دا، نزار کەریم خەزرەجی هەر لەم پۆستەدا مایەوە، بەڵام لە ڕێکەوتی (١٩٩٠/٩/١٩)دا لە سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا لادەدرێت و دەکرێت بە ڕاوێژکاری سەدام بۆ کاروباری سەربازی.

عوسمان کانی پانکەیی، لە سنووری مەڵبەندەکانی (٤)ی هەولێر و دواتریش (٣)ی هەولێر، چەند چالاکی و ڕووداوێکی گرنگی باس نەکردووە، بەتایبەت پەرتووکەکەی ئەو گرنگی و بایەخی زۆتری دەبوو کە مەڵبەند بە مەڵبەند بگەڕایەو چالاکی، داستان، کارەساتە دڵتەزێنەکان و ڕووداوەکانی وەکو خۆی یاداشت و تۆمار بکردایە! دوورنییە لە سنووری پارێزگاکانی کەرکوک و دهۆک بە هەمان شێوەی سنووری هەولێر زۆر داستان و چالاکی تۆمار نەکردبێ. ئەو چەند داستان و ڕووداوە گرنگانە وەکو نموونە دێنمەوە کە نووسەر لە پەرتووکەکەیدا یاداشتی نەکردوون:

**داستانی حەمامۆك:**

لە کۆتایی مانگی مایس یان سەرەتای مانگی یونی ساڵی (١٩٨٣) بوو، ئەوکاتە کەرتێکی تیپی (٢١)ی کەرکوک چوونە ناو شارۆچکەی کۆیە گەڕەکی حەمامۆک بۆ تەمبێ کردنی ئەو پیکاپ شۆڤڵێتە پڕ لە ئەمن و ئیستخباراتی ڕژێم کە ڕۆژانە لە کاتی ئێواراندا توانجیان لە کچ و ژنی کورد دەداو تەشقەڵەیان پێدەکردن. لەکاتی خۆرئاوا بووندا پێشمەرگەکان لە بۆسەدا بۆیان دانیشتبوون و لەگەڵ هاتنی پیکابەکە دەست ڕێژی تەقەیان لێکراو تێکڕایان کوژران کە ژمارەیان (١٨) ئەمن و ئیستخبارات بوو، پێشمەرکەکانیش بێ زیان گەڕانەوە.

**شەهید بوونی پۆلێك كادر و پێشمەرگەی كەرتی ڕێكخستنی شەقڵاوە:**

لە ڕێکەوتی (١٩٨٣/١٢/١٨)دا (٩) کادرو پێشمەرگەی کەرتی ڕێکخستنی شەقڵاوەی سەر بە ڕێکخراوی (٥)ی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانی سنووری مەڵبەندی چواری (ی. ن. ک) لە گوندی (قۆڕەبەرازە)ی نزیک شارۆچکەی سکتان لەکاتی پەڕینەوەیان بە جێبێک بەهۆی مینێکی تانک کە لەژێر جێبەکەدا تەقییەوە شەهیدبوون، هەروەها (٦) هاوڕێی دیکەش بریندار بوون. شەهیدەکان بریتین لە شەهیدان: (ئەبوبەکر محەمەد عەلی ئەحمەد مەولود، ئەکرەم عەزیز حوسێن عومەر ناسراو بە حاجی ئەکرەم، جەعفەر مستەفا محەمەد، سابیر عەبدوڵڵا عەلی ئیبراهیم ناسراو بە ئاشتی، زاهیر عەبدوڵڵا خدر حەمەد، عەزیز خدر باوەکر شێخە ناسراو بە مەلا غەفور، هاوار بادینی و وشیار)، لە بریندارەکانیش تەنیا ناوی (٢) هاوڕێم لەیادە کە (عەباس محەمەد حوسێن ناسراو بە حاجی مەمۆ و مەهدی حەمید کاوانی)ن.

**گوللە باران کردنی (١٢) خوێندكاری هەولێر بە دوو جار:**

لە ڕۆژی (١٩٨٦/٣/٢٧)دا لە فلکەی زەعیم لەنێوان گۆڕەپانی تۆپی پێی هەولێر و گەڕەکی کۆماری (جمهوری)دا (٤) خوێندکاری ناوەندی بە پاساوی لێدانی پارێزگاری هەولێر (ئیبراهیم محەمەد حەسەن زەنگەنە)، گوللە باران کران کە گوللە باران کردنی ئەو (٤)ەو (٨)ەکەی دیکەش لەلایەن دەزگاکانی ئەمن و بەعس بە ڤیدیۆ تۆمارکراوەو دوای ڕوخانی ڕژێم لە کەناڵی کوردسات هەردووکی بڵاوکرایەوە. ئەو چوار گەنجەی کە گوللە باران، نەک هیچ پەیوەندییەکیان بە لێدانی برایم زەنگەنەوە نەبوو بەڵکو ئەوان لە ڕێکەوتی (١٩٨٦/٣/١٤)دا واتە (٥) ڕۆژ بەر لە لێدانی پارێزگار لەلایەن ئەمنی هەولێر بە تۆمەتی ڕێکخستن گیرابوون. برایم زەنگەنەی پارێزگار لە بەیانی ڕێکەوتی (١٩٨٦/٣/١٩)دا لەلایەن سێ پێشمەرگەی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (سەردار سەعید سۆفی، کە دواتر لە ١٩٨٧/٦/٣٠شەهید بوو، بەختیار جەمیل مستەفا کاوانی و ئەیوب یوسف سەعید جوامێر)، لە کۆڵانی بەرانبەر ئەمینداریێتیی گشتیی ناوەخۆ هێرش کرایە سەر کاروانەکەی و دەستی بریندار بوو، کەچی ڕژێمی ڕەفتار فاشی و ڕەگەزپەرستی بەعس ئەو (٤) خوێندکارەی بە تۆمەتی لێدانی ناوبراو بێتاوان و بە ناڕەوا گوللە باران کرد کە ئەمانە بوون: (عەبدولڕەزاق کەمال عەبدوڵڵا، عەلی مەحمود تەها موحمود خۆشناو (گوندی خەتێ/ دانیشتووی گەڕەکی برایەتی/ بەستەپیازەی هەولێر)، مەغدید ئەسعەد سەعید مەحمود و یاسین مەحمود تەها مەحمود خۆشناو/ گوندی خەتێ/ دانیشتووی گەڕەکی برایەتی/ بەستەپیازەی هەولێر). ئەو (٤) خوێندکارە لەگەڵ کۆمەڵێک خوێندکاری یەکێک لە ناوەندییەکانی گەرەکی برایەتی (بەستەپیازە) کە تێکڕا ژمارەیان (٢٩) کەس بوو بە تۆمەتی ئەندامی (ی. ن. ک) لە ڕێکەوتی (١٩٨٦/٣/١٤)دا گیرابوون. نەقیب حەسەن ئەلدوری، نەقیبی ئەمن و ئەندامی فەرماندەیی هۆبە (عضو قیادة شعبة)ی هەولێری حزبی بەعس لەکاتی گوللە باران کردنی ئەو (٤) خوێندکارە لە ڤیدیۆکە دەردەکەوێ و بڕیارێک سەبارەت بە گوللە باران کردنیان دەخوێنێتەوە.

هەروەها چەند ڕۆژێک دوای گوللە باران کردنی ئەو چوار گەنجە، (٨) گەنجی تریشیان لەو (٢٩) گیراوە بەزۆر دەرهێناو لەنێوان گەڕەکی باداوەو گەڕەکی کشتوکاڵ (حي الزراعة)ی هەولێر لەو شوینەی کە لە شەوی (٢٩/٢٨-٣-١٩٨٦)دا تیپەکانی (٨٦)ی دەشتی هەولێر و (٨٧)ی قەرەچوغ، چواردە ئەمنیان کوشت کە دووانیان ئەفسەری ئەمن

بوون، ئەو هەشت گەنجەش لە تۆڵەی کوشتنی ئەو (١٤) جەللاد و ئەمنە بەبێ تاوان ناڕەوا گولله باران کران. لەکاتی گولله بارانکردنی ئەو هەشت گەنجە، لە تۆمارە ڤیدیۆییەکە ڕائید عزەدین عەباس محەمەد حەویجەیی بەڕیوەبەری ئەوکاتی ئەمنی بەلدە وەستاوە، کە لە ڕۆژی (٢٠٠٦/٩/٧)دا لەلایەن ئاسایشیی (ی. ن. ک)ەوە لەناو شاری کەرکوک دەستگیرکرا، پاشان ڕادەستی ئاسایشیی گشتیی هەولێر کرا، کە تا ئێستاش هەر لەوێ گیراوە.

ئەو (٨) خوێندکارەی کە بە ناڕەواو بێتاوان لەلایەن ئەمنی هەولێر گولله باران کران بریتی بوون لە:

١. ئیبراهیم کە لە هەموویان کەم تەمەن تر بوو.

٢. خدر حەسەن.

٣. داود سلێمان مەحمود عەبدوللا خەیلانی (١٩٦٨/ هەولێر).

٤. سابیر عەبدولڕەحمان.

٥. سەردار محەمەد.

٦. لوقمان عەزیز مستەفا عوسمان خۆشناو (١٩٧٣/ مەلەکان/ ڕواندز).

٧. هیوا فەتاح تەها باپیر سوورچی (١٩٦٦/ هەولێر/ هەریر/ باتاس).

٨. وشیار فەتاح تەها باپیر سوورچی (١٩٦٨/ هەولێر/ هەریر/ باتاس).

(برقية سرية فورية)

الى / كافة مديريات / امن جم جمال / قوة الطوارىء / شعبة مفرزة القبض والتحري    العدد / ٤٦٦١٨

من / امن السليمانية /    ش٣/ ق٧    التاريخ ١٩٨٨/٩/٦

يرجى القاء القبض على ذوي المجرم الهارب عبد المسيح بولس ملوه يوسف ذو الاسم الحركي (سوران) احد كوادر زمرة عملاء ايران الذي تم تصفيته قبل يوم ١٩٨٨/٨/١٤ من قبل مديرية امن محافظة اربيل والمدرجة اسمائهم ادناه والهاربين الى جهة مجهولة (٠) لاتخاذ ما يلزم باستثمار مصادركم السرية واية وسيلة اخرى واعلامنا النتيجة ٠

ع. المعاون السياسي

الاسماء

١. بولس ملوه يوسف تولد ١٩٢٧ والده
٢. نرگس يوحنا الياس تولد ١٩٢٩ والدته
٣. حمامه بولس ملوه تولد ١٩٦٠ شقيقته
٤. ميديه بولس ملوه تولد ١٩٦٣ شقيقته
٥. ناديه بولس ملوه تولد ١٩٦٦ شقيقته
٦. شذى بولس ملوه تولد ١٩٧٢ شقيقته
٧. سمير ملوه برايموك يما تولد ١٩٦١ زوجته
٨. وردينه بولس ملوه / شقيقته ٠
٩. يلدا بولس ملوه / شقيقه / جندي مكلف

نسخة منه الى
م. م / ...

الواردة
٢٠١٧
٩/١١

قسم ٨٠/ ٩/٨